دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە٦٨٨، شەممە ١٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٥ی هەتاوی، ٥ی نوامبری ٢٠١٦، ٥٠٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com

## ڕاگەیەندراوی شۆرای نیزامیی حیزبی دێموکرات

## نامەی حیزبی دێموکرات بۆ ئەحمەد شەهید

## ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە شەهیدبوونی پێشمەرگەیەکی کوردستان

ل٢


مستەفا هیجری: ئێمەی کوردیش خەباتەکەمان، شەڕە بۆ هەموو دنیا
٤


دۆمینۆی «ئیختلاسەکان» لە ئێران
٦


ڕوو بە دەلاقەی خۆ بیینینەوە!
٨


ئارەش ساڵح: ئەگەرچی ترامپ کۆماریخوازە، بەڵام...
١٠

# مستەفا هیجری: کاتی کردەوەیە




دامەزراوەی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست (MERI) لە ماوەی ڕۆژانی ٤ تا ٦ی خەزەڵوەری ١٣٩٥دا، لە شاری هەولێر کۆنفرانسێکی لە ژێر ناوی "داهاتووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، کێشە و دەرفەتەکان" بەڕێوە برد.

لە پانێلی دووهەمی ئەو کۆنفرانسەدا حیزبە کوردستانییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی ئێران باس و تێبینییەکانی خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە و ئێران و کوردستاندا خستە بەر باس.

مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە یەکێك لە پانێلەکانی ئەو کۆنفرانسەدا هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکراتی سەبارەت بە دۆخی ئەمڕۆ و ئەرکەکانی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران و ئامانجی حیزبی دێموکرات لە دەستپێکردنی قۆناغی نوێی خەباتی خۆی (ڕاسان) لەو بەشەی کوردستاندا خستە ڕوو.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لەو پانێلەدا وێڕای ئاماژە بە ئەزموونی وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە کوردستاندا ڕایگەیاند: "کۆماری ئیسلامی وتووێژ ناکات، یەکەم لە بەر ئەوەیکە باوەڕی بەو مافانە نیە. دووهەم ئێمە وەکوو کوردی ڕۆژهەڵات فاکتەرێکی ئەوەندە بەهێز نین کە کۆماری ئیسلامی مەجبوور بە وتووێژ بکەین... کەوابوو دەبێ هەوڵ بدەین ببینە هێزێکی شوێندانەر".

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە حزووری پێشمەرگەکانی حیزب لە نێوخۆی کوردستاندا ڕایگەیاند: "ئەگەر لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا چ لە کوردستان و چ لە بەشەکانی دیکەی ئێراندا کەم و زۆر هەندێك جووڵە و خەباتێکی مەدەنی بووە، ئێستا دوای ٢٠ ساڵ بۆمان دەرکەوتووە کە ئەوە هیچ کاریگەرییەك لە سەر سیاسەت و کردەوەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دانانێت... بەڵام هێزی پێشمەرگە دەتوانێ یارمەتیدەری ئەو خەباتە بێت. ئەوەیکە باسمان کرد خەباتی شاخ و شار لێك گرێ بدەین، ئەو دوانە هەر دووکیان پێکەوە دەبن بە ئەهرۆمی فشار بۆ سەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە هاندەرە بۆ ئەوەیکە خەڵکی کورد بە هیواوە بێتە ڕیزی خەبات".

مستەفا هیجری لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ڕایگەیاند: "ئێمە ٢٠ ساڵ دانیشتووین تەنیا دروشممان داوە، دەردی دڵمان کردووە، کۆماری ئیسلامی ئاوا دەمانکوژێ، ئاوا دەمانچەوسێنێتەوە، مافی مرۆڤ پێشێل دەکات. کۆماری ئیسلامی بەو گلەیی و سیاسەتانەی ئێمە نە سیاسەتەکانی نێوخۆی گۆڕیوە و نە سیاسەتی دەرەکیی گۆڕیوە... بۆیە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات بڕیاری دا کە دەبێ هەنگاوی عەمەلی هەڵگرێت دوور لە دروشم و دوور لە قسە. خەڵك لە دروشم دان و قسەکردنی ئێمە ماندوو بووە، بۆیە ئێمە دەمانهەوێ ئەو ماندووبوونەی خەڵك، ئەو چاوەڕوانییەی خەڵك بە کردەوە جواب بدەینەوە، قەتیش نابێ چاوەڕوان بین هەموو خەڵکی کورد یا هەموو خەڵکی ئێران بێن لەگەڵ ئێمە هاوکاری بکەن. بەڵام ئەو حەرەکەتەی ئێمە لە ماوەی ٢ ساڵی ڕابردوودا نیشانی دا ئەگەر ئێمە بە کردەوە لە دژی کۆماری ئیسلامی خەبات بکەین، خەڵك پشتیوانیمان دەکات".

سکرتێری گشتیی حیزب لە درێژەدا وتی: "باس لەوە دەکرێت کە کۆماری ئیسلامی واقعیەتێکە دەبێ قەبووڵی بکەین، بەڵێ ئەوە دروستە، بەڵام ئێمەش وەکوو هیزێکی شۆڕشگێڕ کە ئامانجمان ڕزگاریی نەتەوەییە و لەو ڕێگایەدا هەزاران شەهید و ئاوارە و دەربەدەرمان داوە، چۆن دەتوانین ئەو واقعیەتە بگۆڕین؟ خۆ هەموو ڕێژیمە داگیرکەرەکان واقعیەت بوون... هەموو ئەو حکوومەتانەش کە ڕووخان واقعیەت بوون، بەڵام ئێمەش وەکوو کوردی ڕۆژهەڵات واقعیەتین، بەڵام دەبێ ئەو واقعیەتەی خۆمان بە شێوەیەکی عەمەلی پیشان بدەین".




بە تەنگتر بوونەوەی بازنەی گەمارۆ لە دەوری خلافەتی داعش، پێوەندییەکانی ائەو ڕێکخراوە تێرۆریستیە و ڕێژیم ئاشکراتر دەبێت.

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا بڵاوبوونەی فایلێکی دەنگی لە ڕێبەری داعش کە هێڵەگشتییەکانی سیاسەتی ئەو ڕێکخراوە لە شەڕی هەستیاری مووسڵدا ئاشکرا دەکات، دەریخست کە لە ڕوانگەی خەلیفەی داعشەوە، دوژمنانی ئەو ڕێژیمە دواکەوتووە هەمان دوژمنانی ڕێژیمی وێکچوو لە ئێرانن.

بەغدادی لەو فایلە دەنگییەدا کە لە لایەن ماڵپەڕی "فورقان"ی سەر بە گرووپی دەوڵەتی ئیسلامی بڵاو کرایەوە، سەرەڕای جەختکردنەوەی لە سەر دوژمنایەتی لەگەڵ شیعەکان، نە تەنیا خۆی لەناوهێنانی ڕێژیمی ئێران وەکوو ڕێژیمێک کە بە ڕواڵەت خۆی بە پشتیوان و ڕێبەری شیعەکان دەزانێت بواردووە، بەڵکوو بە پێڕەوی لە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی و باقی هاوشێوەکانی لە ناوچە، بڕیاری داوە کە هێرش بکەنە سەر تورکیە و عەرەبستانی سعوودی.

بەغدادی دەوڵەتی تورکیەی بە مونافق و هەڵگەڕاوە لە دین وەسف کردووە و ڕوو لە میلیشاکانی داعش گوتوویە کە؛ "ئاگری ڕقی خۆتان بەسەر تورکیەدا بڕێژن" باسی لەوەش کردووە کە؛ "ئەمڕۆ تورکیە ئامانجی ئۆپراسیۆنەکانی ئێوەیە و یەکێک لە ئامانجە جیهانییەکانی ئێوەیە، دەستی بەسەردا بگرن و ئەمنیەتەکەی بکەنە ترس".

بەغدادی هەروەها داوای لە ئەندامانی خۆی کردووە تا عەرەبستانی سعوددی بکەنە ئامانجی "هێرشی بەردەوام و یەک لە دوای یەک"ی خۆیان. ناوبراو هێزە نیزامی و ئەمنیەتییەکان، بەرپرسانی دەوڵەتی و ئەندامانی خاندانی سەڵتەنەتیی عەرەبستانی وەکوو "هاوپەیمانییەتی لەگەڵ کافران لە شەڕ دژی ئیسلام و سوننەت لە عێراق و سووریە" وەکوو ئامانجێکی باش بۆ هێرشی چەکداری ناساندووە.

ئۆپراسیۆنی مووسڵ بۆ ڕزگاریی ئەو شارە، لە ڕۆژی ١٧ی ئۆکتۆبر بە بەشداریی هێزەکانی عێراقی و پشتیوانیی زەمینی و هەوایی هاوپەیمانان بە ڕێبەریی ئامریکا دەستی پێکردووە. مووسڵ دوو ساڵ پێش لە وەرزی هاویندا لە دوای ڕاکردنی یەکەکانی ئەرتەشی عێراق لەو شارە، کەوتە دەستی داعش.

پێشتر و لە هەمان ڕۆژەکانی یەکەمی هێرشەکانی داعش بۆ خاکی کوردستان، مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وتارێکدا باسی لە هاوکاریی شاراوەی ئەو ڕێکخراوە تێرۆریستییە لەگەڵ ڕێژیمی ئێران و ئامانجە هاوبەشەکانی ئەو دوو ڕێژیمە دواکەوتووە لە ناوچەکە و بە تایبەت دژ بە کوردەکان باس کردبوو.

## پەیڤ

### هەرای ترسنۆکانە

کەریم پەرویزی

جێگری فەرماندەی پاسدارنی تیرۆریستی ئێران، لە کۆبوونەوەیەک لەگەڵ فەرماندەکانی ئەو سوپایەدا لە ورمێ، هەڕەشەی لە دوژمنانی خۆیان کرد کە لە هەر شوێنێک بن وەدوایان دەکەون و لە نێویان دەبن، هەروەک لە پێشتریشدا ئەو کارەیان کردووە.ئەم قسە و هەڕەشانەی پاسدار سەلامی، لە ورمێ لە ڕێورسمێکدا بوو کە بە ناوی ڕێزگرتن لە کوژراوانی سپا و ئیتلاعات پێکهاتبوو و گوایە ئەو کوژراوانە هەزینەی سپایە کە لە ماوەی جیاوازدا و لە شەڕی سووریە و یان لە پاراستنی سنوورەکانی ئێران داویانە.خۆی ئەم کۆبوونەوە و ڕێورەسمە لە پێش هەموو شتێکدا نیشاندەر و دەرخەری ژمارەی کوژراوانی سوپا و هێزە بەکرێگیراوەکانیانە کە لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا و لە دژایەتییان لەگەڵ ڕاسانی گەلی کورددا تێدا چوونە و ئەم ماوەیە ڕێژیم لەبەر باری دەروونیی هێزە سەرکوتکەرەکانی ژمارەی ڕاستەقینەی تەڵەفاتەکانیان دەشاردنەوە. جیا لەم بەشەی ئەم کۆبوونەوەی ڕێژیم، دەمێنێتەوە سەر قسەکانی پاسدار سەلامی، کە لە دەروونی خۆیدا دەرخەری چەند ڕاستییەکە. یەکەم لایەنی ئەو قسانە ئەوەیە کە هەرچەند بە هەڕەشە و بە ڕقەوە باری دەروونیی خۆی دەردەبڕێ و دەیەوێ سیمای حکومەت و هێزێکی خاوەن دەسەڵاتی بەهێز لە خۆیان و ڕێژیمەکەیان نیشان بدا، بەڵام لە ڕاستیدا نیشان لەوەیە کە ئەم ڕێژیمە تا چ ڕادەیەک لەرزۆکە و دەری دەخا کە لە کوێوە ئەم ڕێژیمە لێی دەدرێ و ڕێگای داهاتوومان بۆ دیاری دەکا کە دەکرێ لە چ خاڵێکەوە گوشار بۆ ڕێژیم بهێنرێ!ساڵێک بوو کە دەیانگوت هێزە کوردیەکان نەماون و تێدا چوون و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هێژموونیی بەسەر هەموو ناوچەکەدا هەیە، بەڵام بە بڕیاری ڕاسانی گەلی ڕۆژهەڵات کە هێشتا لە هەنگاوە سەرەتاییەکاندایە و ڕێگای زۆری لە پێشە و هەنگاوی زۆر گەورەتری لەبەردەمە، ڕێژیم ئاوا وەلەرزە کەوتوە و بەرپرسان و فەرماندەکانی سپای تیرۆریست و دەستوپێوەندییەکانیان زوو زوو دەست دەدەنە هەڕەشە و هاتوهاوار. ڕاسان هەموو هێژموونیە

درێژە لە لاپەڕەی ٢

# نامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ئەحمەد شەهید

بەڕێز جەنابی ئەحمەد شەهید، نوێنەری تایبەتی کۆمیسیونی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چاوەدێری بە سەر مافی مرۆڤ لە ئێراندا

لەگەڵ سڵاو !

لە ڕاپۆرتی ئەم دواییانەی بەڕێزتاندا بەرچاوتر لە پێشوو سەرنج درابووە کوردستانی ڕۆژهەڵات و پێشێلکارییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بۆیە لەو پێوەندییەدا بە پێویستمان زانی سپاسی کار و تێکۆشانی بەڕێزتان بکەین و سەرکەوتن لە کار و ئەرکە پێ‌ئەسپێردراوەکانتدا بە ئاوات بخوازین.

لە ڕاپۆرتەکەدا داوا لە کۆماری ئیسلامیی ئێران کرا بوو کە خۆ لە کوشتنی خەڵکی سڤیل و تۆپ و خۆمپارەبارانی ناوچەکانی نیشتەجێ بوونی هاووڵاتیان ببوێرێ کە جێگای خۆشحاڵییە.

لەو بارەوە پێویستە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێزتان و هەموو لایەک ئاگادار بکەینەوە کە پێشمەرگەکانی حیزبی ئێمە دەستپێشخەری هیچ ئاڵۆزییەک نەبوون، بەڵکوو ئەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە خەڵکی سڤیلی ناوچەکان و ئازادیخوازانی کوردستان و هێزی پێشمەرگە بە تاوانی حوزوور لە نێو خەڵکی خۆیدا دەکاتە ئامانج، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییە کە لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا دەرەتانی هیچ جۆرە تێکۆشانێک لە هیچ جۆرە لە شێوەکانیدا نییە. نەک ئەوە، بەڵکوو ڕێگا بە هیچ ڕەخنەگر و مافخواز و ئازادیخوازێک نادرێ تاکوو ڕاوبۆچوونی خۆیان دەرببڕن و کەمترین ڕەخنە و داخوازی ڕەوا لەگەڵ توندترین سزا بەرەوڕوو دەبێتەوە و کەش و هەوایەکی بە تەواوی ئەمنیی و پۆلیسی بەسەر ژیانی خەڵکدا زاڵ کردووە و دەست لە ئێعدامی بێ محاکمەی ئازادیخوازان و کوشتنی کاسبکاران و کوڵبەران ناپارێزی.لە وەزعێکی وەهادا خەڵکی ئێران بەگشتی و ڕۆڵەکانی کورد بە تایبەتی کە زۆرترین مافیان پێشێل دەکرێ و سەرکوتی چەند قاتیان بەرکەوتووە چاوەڕوانن کە کۆمیسیونی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و خۆدی ئەم ڕێکخراوە جیهانییە زیاتر لە پێشوو ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بخەنە ژێر گوشار بۆ ئەوەی لە کوشتاری خەڵک و وێرانکردنی شار و گوندەکانی کوردستان بپرینگێتەوە و دەرەتانی تێکۆشانی ئازاد بۆ حیزب و لایەنە سیاسی و NGO کان دەستەبەر بکات.

هەر ئەوە کە کۆماری ئیسلامی ئێران ڕێگا بە بەڕێزتان و بە کەسایەتییەکانی وەک بەڕێزتان نادا تا لە نزیکەوە بینەری ماف پێشێلکارییەکانی ئەو ڕێژیمە بن و زیاتر لە چوونە سەری ڕێژەی ئێعدامەکان و دەستبەسەرکراوەکان ئاگادار بن، خۆی بەڵگەیەکە بۆ ڕاستیی ئەم مەسەلانەی بە کورتی ئاماژەی پێکرا.لە کۆتاییدا ڕادەگەیەنین خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خەباتێکی ڕەوایە بۆ لەبەرچاوگرتنی مافی مرۆڤ، دابین بوونی دێموکراسی لە ئێران و مافی نەتەوایەتی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران و یەکسانی ژن و پیاو لە کۆمەڵ و خێزاندا بۆ عەداڵەت و یەکسانی، لە ڕەوتی ئەو خەباتەشدا هەمیشە پرەنسیپە پەسندکراوەکانی مافی مرۆڤی لەبەرچاو بووە و لەبەرچاوی دەگرێ.

لەگەڵ داوای سەرکەوتنی زیاتر بۆ بەڕێزتان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
٢٠ی ئۆکتوبری ٢٠١٦ی زایینی
٢٩ ڕەزبەری ١٣٩٥ی هەتاوی

# مستەفا هیجری: دوای ناردنەوەی هێزی پێشمەرگە، لاوان بەپۆل لەنێوخۆی وڵاتەوە پەیوەست بە ڕێزەکانی پێشمەرگە دەبن

بەشی دووهەمی کۆنفڕانسی "داهاتووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، کێشە و دەرفەتەکان"، بە بەشداریی حیزبەکانی کوردی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی ئێران دەستی پێکرد.

لەو بەشەدا سەرەتا باس لە خەباتی حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات کرا، کە لە سەرەتای هاتنەسەرکاری ڕێژیمی ئێرانەوە دژی ئەو ڕێژیمە وەستاونەتەوە.

دواتر باس لە خەبات و شێوازەکانی خەبات دژی ڕێژیمی ئێران کرا، و ئەو پرسیارە هاتە ئاراوە کە ئایا ڕێژیمی ئێران بەڕاستی خوازیاری چارەسەرکردنی کێشەی کوردە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات یان نا؟ ئایا ئەو ڕێژیمە لەبنەڕەتدا دەفرایەتی ئەوەی هەیە کە بتوانێت لە ڕێگای ئاشتی و دانووستانەوە کێشەی کورد لە بەشی کوردستانی ڕۆژهەڵات چارەسەر بکات؟.

لە پانێلی دووهەمی ئەو کۆنفرانسەدا، بەڕێز مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باسی ئەوەی کرد کە؛ بەڕێوەچوونی ئەو کۆنفرانسە زۆر لەجێگای خۆیدایە، چوونکە لە ئێستادا دەستێوەردانەکانی ڕێژیمی ئێران ناوچەکەی بە تەواوی ئاڵۆز کردووە. بیر و ستراتژیی ئێمە وەک حدکا بۆ داهاتوو ئەوەیە کە؛ خەباتی خۆمان لە دژی ڕێژیمێک کە لە ماوەی ٣٧ ساڵی ڕابردوودا نیشانی داوە بە هیچ جۆرێک مافی کورد نادات درێژە پێ دەدەین، چوونکە ئەو ڕێژیمە سەلماندوویەتی کە لە ڕووی ئیدئۆلۆژییەوە باوەڕی بە مافی گەلی کورد نیە.

مستەفا هیجری هەروەها باسی لەوە کرد کە؛ هەندێک لایەن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دانوستانیان کردووە، بەڵام تا ئێستا بە ئاکام نەگەیشتوون، چوونکە وەکوو باسم کرد، ڕێژیم سەلماندویەتی کە لە بنەڕەتدا باوەڕی بە مافی گەلی کورد نیە.

بەو تێبینییەوە کە ڕێژیمی ئێران هیچ باوەڕیکی بە مافی کورد نیە، ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەو ئاکامە گەیشت کە هێزی پێشمەرگە بنێرێتەوە نێوخۆی ئێران بۆ پشتیوانی لە خەڵک و داواکارییەکانمان.هیجری باسی ئەوەی کرد کە؛ ڕێژیمی ئێران لە نەبوونی ئێمەدا پڕوپاگەندای دژی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات دەکرد کە؛ هیچ هێزێکیان نەماوە، بەڵام ناردنەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ نێوخۆی وڵات و پێشوازیی خەڵک لە پێشمەرگە، سەلماندی کە قسە و بانگەشەکانی ڕێژیم پووچ و بێ‌بایەخن.

هیجری هەروەها باسی ئەوەی کرد کە؛ دوای ناردنەوەی هێزی پێشمەرگە، لەنێوخۆی وڵاتەوە بەپۆل لاوان پەیوەست بە ڕێزەکانی پێشمەرگە دەبن.سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات گوتی کە؛ ئێمە ٢٠ ساڵ دەرفەتمان دا بە ڕێژیمی ئێران کە چارەسەری مەسەلەی کورد بکات، بەڵام ئەو ڕێژیمە هیچ بایەخی پێ نەدا، لەبەر زۆر هۆکار ئێمە بەو ئەنجامە گەیشتین کە هێزی پێسمەرگە بنێرینەوە نێوخۆ. ئێمە دەبی وەڵامدەری چاوەڕوانیی خەڵک بین و کۆتایی بە چاوەڕوانییەکانی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بێنین.هیجری باسی ئەوەشی کرد کە؛ خەڵک پشتیوانی لە حدکا دەکات و ئێمەش درێژە بە سیاسەتی گرێدانی خەباتی شاخ و شار دەدەین، ئێمە ئیدعا ناکەین کە بە تەنیا ڕێژیمی ئێران دەڕوخێنین، بەڵام بە یارمەتیی هەموو ئازادیخوازان، ڕێژیمی ئێران دەڕوخێنین و درێژەش بە سیاسەتی ڕوخاندنی ڕێژیمی ئێران دەدەین.

# ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە شەهیدبوونی پێشمەرگەیەکی کوردستان

ڕۆژی یەکشەممە ٩ی خەزەڵوەری ١٣٩٥ی هەتاوی، ٣٠ی ئۆکتۆبری ٢٠١٦ی زایینی، پێشمەرگەی گیانباز، سەعید چوروکایا ناسراو بە دوکتور سولەیمان، لە نەخۆشخانەیەک لە وڵاتی ئاڵمان گیانی پێشکەشی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان کرد و شەهید بوو.

دوکتور سولەیمان لە باکووری نیشتمان لەدایک بوو، و لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا لە پێناوی ڕزگاریی خاکی کوردستان و بەختەوەریی نەتەوەکەیدا گیانبازیی کرد و پێشمەرگەیەکی ڕاستەقینەی کوردستان بوو.هاوڕێی شەهید سەعید چوروکایا، وێڕای خوێندن لە ئاستی بەرز و لە زانستگاکانی دەرەوەدا و وێڕای ژیانی ئاسوودە لە وڵاتێکی پێشکەوتووی وەکوو ئاڵمان، ئەمجارەش دەستی لە ئاسوودەیی هەڵگرت و گەڕایەوە بۆ نێو کاروانی خەباتی ئازادیخوازی، و دژ بە تیرۆریزم و هێرشبەرانی سەر کوردستان خەباتی کرد.دوکتور سولەیمان یەکەم جاریش خوێندنی بەجێهێشتبوو و لە کاروانی ڕزگاریخوازیی کوردستان لە باکووری نیشتماندا بەشداریی کردبوو، ئەمجارە لە باشووری نیشتمان بە دژی تێرۆریستان وەستایەوە و لەو ماوەیەشدا لەگەڵ ڕاسانی ڕۆژهەڵاتدا هاوسۆزی ڕاسان بوو و لەگەڵ ڕێبازی ئازادیخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەکەی هاوسۆزی و هاوکاریی کرد.دوکتور سولەیمان، ڕاهێنەر و شارەزایەکی باشی بواری دژە تەقینەوە و دژە مین بوو و سەدان پێشمەرگەی کوردستانی لەوبارەوە پێگەیاندبوو و هەزاران مینی پووچەڵ کردەوە و گیانی هەزاران پێشمەرگەی لە تەڵەکانی تیرۆریستان پاراست.دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وێڕای ئەوەی شانازی بە کەسانی نیشتمانپەروەر و خەباتکاری وەک سەعید چوروکایا، ناسراو بە دوکتور سولەیمان دەکا، و وێڕای وەبیرهێنانەوەی ئەوەی کە لە مێژووی ڕزگاریخوازیی کورددا نموونەی ئەوجۆرە هاوپێوەندی و بەشدارییەی کوردان لە خەباتی بەشەکانی دیکەدا زۆربوون، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزی شەهید سەعید چوروکایا دەکا و خۆی بە هاوخەمیان دەزانێ، چوونکە لەدەستدانی دوکتور سولەیمان خەسارێک بوو لە هەموو کوردستان کەوت.

ڕۆحی ئەو شەهیدە سەربەرزە شاد بێت و ڕێگای پڕ سەروەریی پڕ ڕێبوار بێت.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
١٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٥
٣١ی ئۆکتۆبری ٢٠١٦

# حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران داوای ئازادکردنی هاوسەرۆکانی HDPی کرد



پاش گرتن و دەستبەسەر کردنی بەشێک لە هاوسەرۆکانی HDP و پارلمانتارانی ئەم ڕێکخراوەیە لەلایەن دەوڵەتی تورکیەوە وتەبێژی حیزبی دێموکرات لە لێدوانێکدا بۆ ماڵپەڕی کوردستان میدیا هەڵوێستی فەرمی حیزبی دێموکراتی بۆ ڕای گشتی بڵاو کردەوە و تێیدا نیگەرانی خۆی لەم دەستگیرکردنانە دەربڕی.

بەڕێز حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات و وتەبێژی فەرمی حیزب لەمبارەوە وتی: ئەوەی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٤ی خەزەڵوەری ١٣٩٥ی هەتاوی بەرانبەر بە ٤ی نوامبری ٢٠١٦ی زایینی ڕوویدا و هاوسەرۆکانی HDP و ژمارەیەک لە پارلمانتارانی ئەو ڕێکخراوەیە لە لایەن پۆلیسی تورکیە و بە بڕیاری دەزگای قەزایی ئەو وڵاتە دەستگیر کران، لە ڕوانگەی ئێمەوە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە HDP ڕێکخراوێکی ڕێگەپێدراو و یاساییە لەم وڵاتە و پارلمانتارەکانیش بە شێوەی یاسایی و بەدەنگی خەڵک هەڵبژێردراون، دەستگیرکردنیان جێگای نیگەرانیە و بە کردەوەیەک دادەنرێ کە لە بەرژەوەندی خەڵکی ئەو وڵاتە و تەنانەت لە بەرژەوەندی حکومەتی تورکیەشدا نەبێ، چوونکە کردەوەی لەو شێوە ڕێگای چارەسەری کێشەکان لە ڕێگای پارلمان لەگەڵ گیروگرفت بەرەوڕوو دەکا.

بۆیە لەو پێوەندییەدا ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران داوا لە حکوومەتی تورکیە دەکەین کە دەستگیرکراوەکان ئازاد بکا و هەر دوولا تێبکۆشن لە ڕێگەی وتووێژەوە کێشەکانیان چارەسەر بکەن.

ئەو کەسانەی کە دەستبەسەر کراون بریتین لە :

١. سەلاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی هەدەپە و پەرلەمانتاری بازنەی ئامەد.
٢. فیگەن یوکسەکداغ، هاوسەرۆکی هەدەپە و پەرلەمانتاری بازنەی وان.
٣. ئیدریس باڵوکەن، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی هەدەپە و پەرلەمانتاری بازنەی چەولیگ.
٤. گولسەر یڵدرم، پەرلەمانتاری بازنەی مێردین.
٥. نورسەل ئایدۆغان، پەرلەمانتاری بازنەی ئامەد.
٦. لەیلا بیرلیك، پەرلەمانتاری بازنەی شرناخ.
٧. سەلما ئرماك، پەرلەمانتاری بازنەی جۆڵەمێرگ.
٨. فەرهاد ئەنجوو، پەرلەمانتاری بازنەی شرناخ.

# حەسەن شەرفی: ئێمە پایبەند و بەرپرسیار لە بەرانبەر هیچ ڕێککەوتنێکی نێوان ڕێژیمی ئێران و حکوومەتی هەرێمی کوردستان نین

حەسەن شەرفی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وتوێژ لەگەڵ کاناڵی BBCدا ڕایگەیاند کە؛ ئێمە پایبەند و بەرپرسیار لە بەرانبەر هیچ ڕێککەوتنێکی نێوان ڕێژیمی ئێران و حکوومەتی هەرێمی کوردستان نین.لە دوای سەفەری هەیئەتێکی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ تاران، نازم دەباغ باسی لەوە کردووە کە؛ حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حیزبەکانی ڕۆژهەڵات کە لە باشووری کوردستان نیشتەجێن دانیشتنیان هەبووە و ئەوەش لێدوان و باسێکی زۆری لە ڕۆژەڤی سیاسیدا لێکەوتەوە.لەو پێوەندییەدا کاناڵی BBC لەگەل حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب وتووێژێکی پێک هێنا و شەرەفی لەو پێوەندییەدا باسی لەوە کرد کە، ئێمە پایبەند و بەرپرسیار لە بەرانبەر هیچ ڕێککەوتنێکی نێوان ڕێژیمی ئێران و حکوومەتی هەرێمی کوردستان نین و هەروەها ئێمە بەرانبەر ئەو گوشار و هەڕەشانەی کە ڕێژیمی ئێران دەیخاتە سەر هەرێمی کوردستان، بەرپرسیار نین.

شەرەفی هەروەها لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئەگەر حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات پایبەند بەو ڕێککەوتنە نەبن دەبێ چاوەڕوانی هەڵوێست و دژکردەوە بن گوتی: یەکەم ئەوەیکە ڕێژیمی ئێران ئیدعا دەکات شەڕ و پێکدادنەکان لە ناوچە سنوورییەکان بووە بە تەواوەتی دوورە لە هەر ڕاستییەک، چوونکە ئەو شەڕ و پێکدادانانە لە نێو قووڵایی خاکی ئێراندا بووە. هەروەها ڕێژیمی ئێران پێشتریش بە بیانووی جۆراوجۆر هەڕەشەی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکرد و گوشاری بۆ دێنا، و لە نوێترین حاڵەتەدا سەردار حوسێن سەلامی جێگری فەرماندەی گشتیی سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئێران هەڕەشەی تیرۆری لە ئەندامانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە هەرێمی کوردستان کردووە.جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێوەندی لەگەل دانوستان لەگەڵ ڕێژیمی ئێران باسی ئەوەی کرد کە، لە ڕوانگەی ئیدئۆلۆژیکەوە ڕێژیمی ئێران لە بنەڕەتدا باوەڕی بە هیچ یەک لە ماف و داواکارییەکانی ئێمە نیە، بۆیە شتێک بە ناوی دانوستان لەگەڵ ڕێژیمی ئێران بێ مانایە و پاشان ئێمە وەک حیزبی دێموکرات ئەزموونی تاڵمان لە وتووێژ لەگەڵ ئەو ڕێژیمەدا هەیە، و لە ڕابردوودا بە بیانووی وتووێژ دوکتور قاسملوویان لە سەر مێزی وتووێژ لە ڤیەن شەهید کرد. هەربۆیە هیچ دانوستانێک لەگەڵ ئەو ڕێژیمە ئەنجامی نیە.

## درێژەی پەیڤ

دڕۆینەکەی ڕێژیمی کردۆتە بڵقی سەر ئاو.لە لایەکی دیکەوە ئەم هەڕەشە و هەرا ترسنۆکانەی پاسداران، سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کە ڕێژیمی ئیسلامیی تاران هەر کات لە مەیدانی سیاسەت و بەربەرەکانێی ڕەوادا کەم دێنێ و تووشی شکست دەبێ، پەنا دەباتە بەر کردەوەی ناڕەوا و تیرۆریستی و بۆیە بە هەموو شێوەیەک هەڕەشەی وەدواکەوتنی دوژمنان لە هەموو شوێنی دونیا دەکەن و گورزی گرانیان، تیرۆری دژبەران لە دەرەوەی وڵاتە. هەروەک ساڵانی پێشوو کە فەلاحیان باسی لە وەدواکەوتنی دوژمنانی نیزام و زەربەلێدانیانی کرد و تیرۆری بێرلینی لێ کەوتەوە، ئەم جارەش پاسدار سەلامی، داماوی و ترس و زەندەق چوونیان بە هەڕەشەی تیرۆر دادەپۆشێ.

# ڕاگەیەندراوی شۆرای نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە شەهیدبوونی پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکرات

بە دەستپێکردنی ئۆپراسیونی ئازادکردنەوەی مووسڵ و بە مەبەستی یارمەتیدان بە پێشمەرگەکانی باشووری کوردستان، تیمێکی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، شارەزا لە پووچەڵ کردنەوەی مین و پاک کردنەوەی مەیدانەکانی مین، ڕەوانەی ناوچەکانی مووسڵ کرا. ئەو تیمە لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژەدا بە شێوەیەکی بەرچاو بەشێک لە شوێنە مینڕێژکراوەکانیان پاک کردەوە.

لە ڕەوتی بەجێهێنانی ئەو ئەرکەدا، بەداخەوە ڕۆژی چوارشەممە ٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٥ی هەتاوی (٢٦/١٠/٢٠١٦ی زایینی) یەکێک لە ئەندامانی ئەو تیمە بە ناوی ڕەسووڵ محەممەدزادە بەرپرسی فێرگەی کۆمیسیونی پەروەردەی حیزب، لە کاتی پووچەڵکردنەوەی میندا بە هۆی تەقینەوەی مینەوە شەهید بوو.

شەهید ڕەسووڵ محەممەدزادە، کوڕی مەحموود ساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی لە ئاوایی "سەیف ئاوای" ناوچەی سەقز لەدایک بوو و لەساڵی ١٣٧٩ی هەتاویدا هاتە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ساڵی ١٣٨٩ پلەی کادری وەرگرتووە و دەورەیەکیش ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە.شەهید ڕەسووڵ مەدرەکی لیسانسی لە مێژووی کورددا لە زانستگەی سەلاحەدین لە شاری هەولێر وەرگرتبوو.شەهید ڕەسووڵ کادرێکی خۆشناو، بە بڕشت و ئۆگری کار و تێکۆشان و بردنە سەری پلەی زانست و زانیاریی خۆی بوو، بە جۆرێک کە دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە و دەورەی کادریشی بە پلەی یەکەم تێپەڕ کردبوو.

شەهید ڕەسووڵ باوەڕی قووڵی بە ئامانجەکانی گەل و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەبوو و لە ڕەوتی کار و تێکۆشانیدا پابەندی ئوسوول و دیسیپلینەکانی حیزب بوو، کەسایەتیەکی دەستپاک، دڵسۆز، ڕووخۆش، ئارام و خۆشەویستی خەڵک و هاوسەنگەرانی بوو، وەک بەرپرسی فێرگەی کۆمیسیونی پەروەردەی حیزب لە ڕاهێنان و پێگەیاندنی فێرخوازانی فێرگەدا دەوری بەرچاوی گێڕا. شەهید بوون و لەدەستچوونی کادرێکی وا بەوەج و کارلێهاتوو بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خەسارێکی بەرچاوە.

پێویستە بگوترێ کە شەهید ڕەسووڵ دووهەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی.

بە ناوی شۆڕای نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، بە بۆنەی شەهیدبوونی هاوڕێی خۆشەویستمان کاک ڕەسووڵ محەممەدزادە وێڕای ئەوەی کە خۆمان بە خەم هەڵگرتووی شەهیدبوونی دەزانین، لە هەمانکاتدا سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزی شەهید ڕەسووڵ و هەموو خزموکەس و دۆستان و ئاشنایانی دەکەین. لەگەڵ گیانی پاکی پەیمان نوێ دەکەینەوە کە تا وەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی درێژەدەری ڕێبازی بین.

ڕۆحی شاد و یادی لە دڵماندا بۆ
هەمیشە زیندوو دەمێنێتەوە
شۆرای نیزامی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٥ی هەتاوی
٢٦ی ئۆکتۆبری ٢٠١٦ی زایینی

# تەرمی شەهید ڕەسووڵ محەممەدزادە لە گۆڕستانی شەهیدانی حیزبی دێموکرات بە خاک سپێردرا

تەرمی شەهید ڕەسووڵ محەممەدزادە بەرپرسی فێرگەی کۆمیسیۆنی پەروەردەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کە بەهۆی تەقینەوەی مین لە مووسڵ شەهید بوو، لە گۆڕستانی شەهیدانی حیزبی دێموکرات بە خاکی پیرۆزی نیشتمان سپێردرا.

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٦ی خەزەڵوەری ١٣٩٥ی هەتاوی، تەرمی شەهید ڕەسووڵ محەممەدزادە بەرپرسی فێرگەی کۆمیسیۆنی پەروەردەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بەشداریی "مستەفا هیجری" سکرتێری گشتی و ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵێکی بەرچاو لە حیزب و لایەن و کەسایەتییە سیاسییەکان و میوانان، دوای "ڕێژە و سانی نیزامی" بۆ ڕێزگرتن لە خەبات و تێکۆشان و پێشوازی لە تەرمی شەهید ڕەسووڵ محەممەدزادە، لە گۆڕستانی شەهیدانی ئەو حیزبە بە خاک سپێردرا.

پاشان حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە نوێنەرایەتی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

حەسەن شەرەفی، سەرەتا بەخێرهاتنی هەموو حیزب و لایەنە سیاسی و کەسایەتی و میوانانی بەشداربووی ڕێوڕەسمی بە خاک سپاردنی شەهید ڕەسووڵی کرد و باسی لەوە کرد: "شەهید ڕەسووڵ لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا پەروەردە بوو، بۆیە وەها کوڕێکی نیشتمانپەروەر و نەتەوەیی بوو و لە خاکی بەشێکی دیکە لە کوردستان بۆ خزمەت بە گەل و نیشتمانەکەی شەهید بوو، و سەلماندی کە ڕۆڵەی بە ئەمەگ و ڕاستەقینەی گەلەکەیەتی".

شەرەفی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا باسی لەوە کرد: "ئەگەرچی تەرمی پیرۆزی ئەو خەباتکارە سادق و ڕاستگۆیەمان بە خاک ئەسپارد، بەڵام ئێمە بنەماڵەی دێموکرات درێژەدەری ڕێگای شەهید ڕەسووڵ و هەموو شەهیدانی کوردستان دەبین".

جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە کۆتایی‌دا سپاسی هەموو حیزب و لایەن و کەسایەتی و میوانانی بەشداربووی ئەو ڕێوڕەسمەی کرد.

دواتر، "کنێرە مێهفەر" خێزانی شەهید ڕەسووڵ محەممەدزادە چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

کنێرە مێهفەر، لە قسەکانیدا، "سپاسی هەموو ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد کە لە خەم و پرسەی شەهید ڕەسووڵدا بەشداربوون و گوتی، "ئێمە بە پشتیوانیی یەکتر ئامانجی شەهید ڕەسووڵ و باقی شەهیدانی کوردستان وەدی دێنین و هەروەها باسی لەوە کرد کە؛ شەهید ڕەسووڵ هەمیشە دەیگوت لە هەر جێگایەکی کوردستان خزمەت بکەم بۆ من جێگای شانازییە و بۆیەش بە شانازییەوە لەو ڕێگایەدا شەهید بوو".

شەهید ڕەسووڵ محەممەدزادە بەرپرسی فێرگەی کۆمیسیونی پەروەردەی حیزب، لە کاتی پووچەڵکردنەوەی مین لە پرۆسەی ڕزگار کردنی شاری مووسڵدا، بە هۆی تەقینەوەی مینەوە شەهید بوو.

# پرسە و سەرەخۆشیی شەهید ڕەسووڵ محەممەدزادە لە کەش‌و هەوایەکی ئەمنییەتی و نیزامی‌دا لە سەقز بەڕێوەچوو

ڕێوڕەسمی پرسەی شەهید ڕەسووڵ محەممەدزادە لە گوندی سەیف ئاوای سەقز لە کەش و هەوایەکی تەواو ئەمنیەتی و لەژێر چاوەدێریی هێزە بەسیجی و چڵکاوخۆرەکانی ڕێژیمدا بەڕێوەچوو.

دوای ئەوەی کە شەهید ڕەسووڵ محەممەدزادە ڕۆژی چوارشەممە ٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٥ی هەتاوی لە شەڕی مووسڵدا شەهید بوو، خەڵکێکی زۆر لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستانەوە بە مەبەستی پرسە و سەرەخۆشی کردن، سەردانی بنەماڵەی شەهید ڕەسووڵیان لە زێدی ناوبراو، واتە گوندی "سەیف ئاوا"ی سەقز دەکەن.

ئەم پرسەو سەرەخۆشییە کە هەنووکەش درێژەی هەیە، لە کەش و هەوایەکی تەواو نیزامی و ئەمنییەتی‌دا بەڕێوە دەچێ.

بەپێی ئەم هەواڵە، هێزەکانی ڕێژیم لەسەر ڕێگای سەیف ئاوا، "خاڵی پشکنین"یان داناوە و هاتوچۆی خەڵکیان بۆ گوندی سەیف ئاوا خستۆتە ژێر چاوەدێری و هەروەها لێپێچینەوە لەو خەڵکە و بە تایبەت لاوەکان دەکەن کە ڕوو دەکەنە ئەو گوندە.

بەپێی ئەم هەواڵە لە نێو گوندەکە و لە نێو ڕێوڕەسمەکەشدا هێزی ئیتلاعاتی ١١٤ی بەسیج بۆ کۆکردنەوی زانیاری و سیخوڕی و شناسایی خەڵک جێگیر کراون.

هەندێك لەم جاشانە بریتین لە: ئیسماعیل ئەبازەری، حوسێن کەریمی و ئەبووبەکر سەفوەت کە هەرکام لەوانە مێژوویەکی دوورودرێژیان لە خەیانەت بۆخۆیان تۆمار کردووە و تەنانەت هەندێک کەسیشیان وەک جاشی نموونە لەلایەن ڕێژیمەوە دیاری کراون.لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا و دوابەدوای شەهید بوونی هاوڕێ ڕەسوڵ محەممەدزادە، کۆمەڵێکی بەرچاو لە ئەندامانی نهێنیی حیزب لە شاری سەقز و ناوچەکە، پەیمانی وەفادارییان لەگەڵ ڕێبازی شەهید ڕەسووڵ نوێ کردەوە و بە شێوەی جۆراوجۆریش لەو بوارەدا چالاکی و هاوخەمییان دەربڕیوە.

# ڕاسان لە کوردستان بەرز ڕاگیرا

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی بەرزڕاگرتنی ڕاسان چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ڕۆڵە قارەمانەکانی تەنگیسەر، بەمەبەستی بەرزڕاگرتنی "ڕاسان"، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

قارەمانانی دێموکرات لە شوێنەکانی وەک مۆخابەرات، بێهداشت، مەدرەسە، دێهیاری، سەر پرد، مزگەوتی جامیعە، مزگەوتی ژوری، تەعمیرگاکان، ناو حەوش و بەر دەرگای ماڵەکان و شیرکەتی نەفت چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

هەروەها بە نووسینی دروشمی جۆراوجۆر ڕێزیان لە "ڕاسان"ی حیزب گرت.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خەباتی نوێی خۆی لەژێر ناوی "ڕاسان"دا دەست پێکردووە و لێک گرێدانی خەباتی شار و شاخ بە ئامانجی ئەو خەباتە نوێیە پێناسە کراوە.

# پەیامی هاوخەمیی ئەندامانی تەشکیلاتی نهێنی بەبۆنەی شەهیدبوونی شەهید ڕەسوڵ محەممەدزادە

بەشێک لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی شەهید بوونی شەهید ڕەسوڵ محەممەدزادە پەیامی هاوخەمییان ئاراستەی بنەماڵەکەی و کادر و پیشمەرگە و هاوسەنگەرانی کرد کە لێرەدا ئاماژە بە ناوەکانیان دەکەین. شایانی باسە دەقی تەواوی ئەو پەیامامە لە ماڵپەڕی سەرەکیی حیزب واتە کوردستان میدیادا بەردەستە:

تە شکیلاتی نهێنیی خۆڕخۆڕەی سە قز

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران -مەهاباد

ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران-نەغەدە سوندوس

تەشکیلاتی نهێنی کامیاران

تەشکیلاتی نهێنی بۆکان

ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە دزەی مەرگەوەڕ

تەشکیلاتی نهێنی حیزب لە شاری ڕەبەت

# کتێبی "ئینسانێک بە پێوە" لە نووسینی فرێدریک تێسۆ لە هەولێر ڕوونوێنی کرا



کتێبی "ئینسانێک بە پێوە" لە نووسینی دوکتور فرێدریک تێسۆ، دۆستی نزیکی گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێوڕەسمێکدا لە هەولێر، پایەتەختی هەرێمی کوردستان ڕوونوێنی کرا.

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٩٥ی هەتاوی، ئەنیستیتۆی فەڕانسە لە هەولێر، ڕێوڕەسمێکی بۆ ڕوونوێنی لە کتێبی دوکتور تێسۆ، پزیشک و دیپلۆماتکاری فەڕانسەوی و لە دۆستانی نزیکی دوکتور قاسملوو بە بەشداریی سەرکۆنسولی فەڕانسە و ژمارەیەک لە کەسایەتییە سیاسی و ئەدەبییەکان بەڕێوە برد.

لەو ڕێوەڕەسمەدا، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی محەممەدساڵح قادری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات و بەرپرسی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات لە هەولێر بەشداریی کرد.

محەممەدساڵح قادری لەو ڕێوڕەسمەدا، ڕێز و سپاسی مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی پێشکەش بە دوکتور فرێدریک تێسۆ و سەرکۆنسولی فەڕانسە لە هەولێر کرد.

هەر لەو ڕێوڕەسمەدا، بەرپرسی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات لە هەولێر لە دیدار لەگەڵ سەر کۆنسولی فەڕانسە لە سەر بەردەوامیی هاوکارییەکانیان جەختیان کردەوە.لەو ڕێوڕەسمەدا، دوکتور تێسۆ لە وتەکانی خۆیدا باسی چۆنیەتیی ئاشنابوونی لەگەڵ نەتەوەی کورد لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا کرد و ئەو کتێبەشی پێشکەش بە دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی کرد. ناوبراو گوتی کە لە سەردەمی کاری پزیشکیم، پێشمەرگایەتی و دیپلۆماسیدا هەمیشە هەوڵم دەدا کە پێوەندیی نەتەوەی فەڕانسە لەگەڵ نەتەوەی کورد بەهێز بکەم.

دوکتور تێسۆ هەروەها گوتی: کەسانێک کە دوکتور قاسملوو دەناسن، دەزانن کە ئەو چ کەسایەتییەکی گەورە بووە و هەموو ناسینی من لە نەتەوەی کورد بۆ دوکتور قاسملوو و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەگەڕێتەوە.لە کۆتاییدا ناوبراو لە سەر یەکیەتی و تەبایی نێوان گەلی کورد جەختی کردەوە.

# مامۆستا هێدی ماڵئاوایی لە دنیای شێعر کرد

یەکێک لە شاعیرانی کلاسیکی بە ناوبانگی گەلی کورد ماڵئاوایی لە دنیای شێعر و ئەدەب کرد.

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی٦ی خەزەڵوەری ١٣٩٥ی هەتاوی، لە شاری هەولێر، پایەتەختی باشووری کوردستان، شاعیری ناسراوی گەلی کورد، خالید حیسامی ناسراو بە مامۆستا "هێدی" لە تەمەنی ٨٩ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

مامۆستا هێدی لەساڵی ١٣٠٦ی هەتاوی لەگوندی شێخاڵی ناوچەی موکریانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەدایک بووە، سەردەمی منداڵی و مێرمنداڵی لەو گوندە ژیاوە و لە ژێرچاودێریی باوکیدا خوێندوویەتی. دوای تێپەڕ کردنی دەورەی خوێندن و گەیشتن بەسەردەمی لاوێتی کە هاوکات بووە لەگەڵ چالاکیی کۆمەڵەی (ژ. ک) و پاشان دامەزرانی کۆماری کوردستان (١٣٢٤)، دەبێتە پێشمەرگە و لە هەمانکاتدا دەست بە نووسینی کۆمەڵێک شیعری نیشتمانی دەکات و لە گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەدا بڵاو دەبێتەوە.

بەشێک لە شێعرەکانی مامۆستا هێدی لە دیوانێکدا بە ناوی "کاروانی خەیاڵ" چاپ و بڵاو کراوەتەوە. "ئاوێنەی شکاو" لە خۆگری کۆمەڵێک بیرەوەری بە قەڵەمی هێدیی شاعیرە و هەروەها ناوبراو "کورد و کوردستان"ی "ڤاسیلی نیکیتین"یشی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

مامۆستا هێدی لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکەندا بە نازناوی "شێواو" و "هێدی" بەرهەمەکانی خۆی بڵاو کردووەتەوە.ڕۆژی شەممە ، ڕێکەوتی ٨ی خەزەڵوەری ١٣٩٥ی هەتاوی، کاتژمێر ٤ی دوانیوەڕۆ هەیئەتێکی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەولێر، بە سەرەپەرستیی محەممەدساڵح قادری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزبی دێموکرات، بەشداریی لە پرسە و سەرەخۆشیی "خالید حیسامی" ناسراو بە "هێدی" شاعیری ناسراوی کورد کرد.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە لە مزگەوتی جەلیل خەیاتی شاری هەولێر بە ئامادەبوونی بنەماڵە و کەسوکاری ناوبراو بەڕێوەچوو، بەشێکی بەرچاو لە ئەدیبان و نووسەران و نوێنەرانی پارت و لایەنە سیاسییەکانی باشوور و کوردستانی ڕۆژهەڵات ئامادە بوون.

هەیئەتی حیزبی دێموکرات پرسە و سەرەخۆشیی لە بنەماڵە و کەسوکاری مامۆستا هێدی شاعیر کرد.

# قوباد سمکۆ کۆچی دوایی کرد

قوباد سمکۆ کوڕی شەهید سمایل ئاغای سمکۆ باوکی ناسیۆنالیزمی کورد، لە تاران کۆچی دوایی کرد.

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٦ی خەزەڵوەری ١٣٩٥ی هەتاوی، قوباد سمکۆ دوایین کوڕی سمایل ئاغای سمکۆ لە تەمەنی ٩٣ ساڵی‌دا، لە تاران ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

قوباد سمکۆ یەکێک لەو کەسایەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتییانە بوو کە ئەگەرچی لەژێر گوشار و هەڕەشەکانی ڕێژیمی داگیرکەری ئێراندا بووە، بەڵام هیچکات تەسلیمی خواستی بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران نەبووە، و چەندین جار لە لایەن حیفازەت ئیتلاعاتی ڕێژیمەوە بانگهێشت و لێپێچینەوەی لێکرا.

سمایل ئاغای سمکۆ ساڵی ١٨٨٧ لەدایک بووە و پاش مردنی باوکی و جەعفەر ئاغای برای، وەکوو سەرکردەیەکی لێوەشاوە و هەڵکەوتەی شکاکەکان جڵەوی خەباتی نەتەوەیی گرتە دەست و لەدوای شەڕی یەکەمی جی‌هانییەوە دەستی بە گرتنی ناوچەکانی ڕۆخی گۆلی ورمێ کرد و دوای ئەوەیکە شەڕی یەکەمی جیهانی کۆتایی هات، سمکۆ وەک سەرکردەیەکی سیاسی ناوی دەرکرد و لەپێناو دامەزراندنی ئیدارەیەکی کوردیدا ساڵی ١٩١٩ شۆڕشی بەرپاکرد و چەندین ناوچەی گرینگی خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، ساڵی ١٩٢١ لە ئەنجامی لەشکرکێشییەکی گەورەی هێزەکانی ڕێژیمی ئێراندا، سمکۆ ناچار بوو پاشەکشە بکات و پەنا بەرێت بۆ تورکیە.ساڵی ١٩٢٤ بە بڕیارێکی لێبووردن گەڕایەوە ئێران و ساڵی ١٩٢٦ جارێکی‌تر شۆڕشی بەرپاکردەوە. بەڵام ئەمجارەشیان شۆڕشەکەی تێکشکا و ماوەیەک لە تورکیە بە دەستبەسەری مایەوە. پاش ئازاد کردنی گەڕایەوە ئێران و ساڵی ١٩٣٠ بە پیلانێکی کاربەدەستانی ئێران لە شاری شنۆ شەهید کرا و شۆڕشەکەی کە یازدە ساڵ درێژەی کێشا کۆتایی هات.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە وسەرەخۆشی خۆی لە بنەماڵە و خزم و کەسوکاری ناوبراو دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

# گۆڤارێکی پڕخوێنەری سویدی ڕاپۆرتێکی لە سەر ژنانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بڵاو کردەوە

گۆڤاری بەناوبانگی "Feminisktisktperspektiv"ی وڵاتی سوێد لە سەر ڕۆڵ و کاریگەریی ژنانی پێشمەرگە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ڕاپۆرتێکی بڵاو کردەوە.

لە سەرەتای ئەو ڕاپۆرتەدا نووسراوە کە؛ "بەسیەتی دانیشتن و چاو لە تەلەڤزیۆن کردن"، ئاسۆ ساڵح ڕۆژنامەوانی کورد ماوەیەک پێش ئێستا سەفەری کردووە بۆ ناوچە سنوورییەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان و لەگەڵ چەند پێشمەرگەی ژن وتووێژی کردووە، کە وەکوو پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (دژی ڕێژیمی ئێران) شەڕ دەکەن.

لەو ڕاپۆرتەی گۆڤاری ئاماژە بۆکراودا هاتووە؛ لە کۆماری ١١ مانگەی کوردستان لە شاری مەهاباد و لە ساڵی ١٣٢٤دا، ژنەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان لە بواری پاراستنی دەسکەوتەکانی ئەو کۆمارە گێڕاوە. لە ساڵەکانی دواتردا، ژنەکانی (YPJ) لە کوردستانی سووریە توانیان لە چەند بەرەدا داعش شکست بدەن.

دڵنیا، کچێک کە تازە بۆتە پێشمەرگە لە حیزبی دێموکرات، دەڵێت: "کاتێک کە باسم کرد بۆ هاوڕێیانم کە دەمهەوێ ببم بە پێشمەرگە، ئەوان گوتیان کە باشترە ژیانی هاوبەش پێکبهێنی. بەڵام (من بیرم کردەوە) مرۆڤ دەتوانێ هەرکات پێی خۆش بێ ژیانی هاوبەش پێک بێنێت، بەڵام ئێستا، خەبات زۆرتر پێویستی بە منە. هەست دەکەم کە ئەرکێکم لە سەرشانە بۆ داهاتوو، بۆ ژنان و بە گشتی کوردەکان لە ئێران".

دڵنیا لە شاری سنە لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە پەیوەست بە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بووە و پێش ئەوەی ببێتە پێشمەرگە لە ڕێکخراوە ناحکومیەکان (NGO) چالاکی هەبووە، و ئێستا بیر لەوە دەکاتەوە کە ببێتە پێشمەرگەیەکی ئازا و پڕۆفشناڵ.

دڵنیا، ئەو کچە پێشمەرگەیە لەو وتووێژەدا دەڵێت، ئەگەر ئەمجارە هاوڕێکانی ببینێتەوە پێیان دەڵێت: "ئێستا کاتیەتی، بەسیەتی دانیشتن و چاو لە تەلەڤزیۆن کردن. پێویستە بجوڵێین بۆ ئەوەی بە ئامانجەکانمان بگەین. ناتوانین ڕاوەستین تا بەڵکوو شتێك لە ئێران ڕوو بدات".دڵنیا درێژە دەدات: "وەکوو ژن ئاسان نیە کە بڕیار بدەی و ببی بە پێشمەرگە. من بڕیارم دا ببم بە پێشمەرگە، چوونکە هەموو ئیمکانی خەباتی مەدەنی بۆ مافی ژنان و مافی کەمینە نەتەوەییەکان لەئێمە زەوت کراوە."

لە سووریە و عێراق شەڕی دژی داعش بەڕێوە دەچێت، و هێزەکانی پێشمەرگە لەو شەڕانەدا هێزی شوێندانەرن. پێشمەرگە تەنیا لە کوردستانی سووریە و کوردستانی عێراق نین، بەڵکوو لە ئێرانیش هێزی پێشمەرگە هەن، کە ژنان لەوێش بەشدارن. ئەمڕۆکە دوازدە میلیۆن کورد لە ئێران لە مافی سیاسی، نەتەوایەتی و فەرهەنگییان بێبەش دەکرێن. ژنە کوردەکان هەردەم شان بەشانی پیاوەکان بۆ مافەکانی خۆیان شەڕیان کردووە.

# مستەفا هیجری:
# ئێمەی کوردیش خەباتەکەمان، شەڕە بۆ هەموو دنیا

## ئێمەی کوردیش خەباتەکەمان شەڕە بۆ هەموو دنیا بە تایبەتی بۆ کورد؛ چوونکە هیچ دوژمنێک فێلبازتر، ستەمگەرتر و سەرکوتکەرتر لە کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ مافی کورد نیە



سەرەتا سپاسی ئەنیستیتۆی مێری دەکەم کە ئەو سێمینارەی پێکهێناوە بۆ گفتوگۆیەک لەگەڵ خوشک و برایانی بەڕێزمان و لە واقعدا لەگەڵ خەڵکی کوردستان. بەتایبەت کە ئێستا مەسەلەی لاوازکردنی داعش و دەرپەڕاندنی لە موسڵ لە ئارادایە و هیوادارم کە زۆر نەکێشی لە ڕەققە و باقی شوێنەکانی دیکەی ناوچەش جێبەجێ بکرێت.

لەو حاڵەتەدایە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران و ڕۆڵی تێکدەرانەی جارێکی دیکە لە ناوچەدا دەردەکەوێ. بۆیە زۆر بەجێ بوو لەو سەروبەندەدا و لەو پانێلەدا کە خەبات و بەربەرەکانێی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە دنیادا مەترەحە، باسکردن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێتەوە بەر باس. خوشک و برایانی بەڕێز، من زور ناچمە سەر باسی ئەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران چۆنە و بە نیسبەتی مەسەلە کورد چۆنی ڕەفتار کردووە و چۆن خەڵکی کورد و باقی ئازادیخوازانی ئێران دەچەوسێنێتەوە و کەمترین جیاوازیی بیر و بۆچوون قبووڵ ناکات، نە لە کورد، نە لە نزیکترین کەسایەتییەکانی ئەو ڕێژیمە.بەڵام دەمهەوێ بچمە سەر ئەسڵی مەسەلەکە کە بیر و بۆچوونی ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چۆنە و چوارچێوەی خەباتمان، ستراتژی و بیرکردنەوەمان بۆ داهاتووی ئەو خەباتەی کە لەبەر دەستماندایە و لە بەر چاومان گرتووە چۆن دەبینین، بۆ ئەوەیکە قسەی لە سەر بکرێت. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕووی ئیدئۆلۆژی و لە ڕووی تەجروبەی ٣٧ ساڵەوە نیشانی داوە کە مافی کورد و باقی نەتەوەکانی دیکەی ئێران نادات، چوونکە لە باری ئیدئۆلۆژییەوە ئەسلەن باوەڕی بەو مافانەوە نیە، یانی هەمووی ئەو مافانە کە ئێمە وەک نەتەوەی کورد و باقی نەتەوەکانی بندەستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران داوای دەکەین، وەکوو ئازادی، دێموکراسی، مافی مرۆڤ و... هتد، بۆ حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران قابیلی قبووڵ نیە. یانی کۆماری ئیسلامیی ئیڕان لە مافی مرۆڤ و مافی نەتەوە تاریفی خۆی هەیە و پابەند بە بۆچوونەکانی خۆیەتی، ئێمە ئەوەمان لە کردەوەدا و لە ماوەی ٣٧ ساڵی ڕابردوودا تەجرووبە کردووە و تەنانەت لە وتووێژەکانی ڕابردووشماندا ئەوەمان تەجرووبە کردووەتەوە. وتووێژێک کە هەم لە سەرەتای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەو هێزانەی کە لە ڕۆژهەڵاتدا حزووریان هەبوو و لە مەیدانی خەباتدا بە یەکگرتوویی لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران وتوویژیان دەست پێکرد، بەڵام دوایە دەرکەوت کۆماری ئیسلامیی ئێران مەبەستی لە وتوویژ ئەوە بووە کە ئەرتەشە تێکچووەکەی، جارێکی دیکە یەکگرتوو بکاتەوە و هێرشی کردە سەر کوردستان. لە مەرحەلەی دووهەمدا، دوای شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێراق و شکستی ئێران لە بەرانبەر حکوومەتی عێراقدا، جارێکی دیکە ئەوان داوایان کرد کە ئێمە لەگەڵیان واردی دانوستان بین و هەیئەتی حیزبی دێموکرات بە سەرۆکایەتی شەهید دوکتور قاسملوو لەو دانیشتنەدا بەشداریی کرد، بە ئومیدی ئەوەیکە کۆماری ئیسلامی دوای ئەو شکستە گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە ئەگەر لە بەرانبەر ڕێژیمی بەعس کە بە میلیۆن ئینسان لە شەڕی نێوانیاندا کوژران و بریندار بوون و ئەو هەمووە خەسارەتەماڵیە هاتەئارا ملکەچ دەبێ و لەگەڵی قەراردی ئاگربەس ڕادەگەیێنێ، ڕەنگە هاتێبێتە سەر ئەو قەناعەتەی لەگەڵ خەڵکی خۆیشی لە نێوخۆدا بە ئەنجامێک بگات کە شەڕ و کێشە لەوێشدا تەواو بێت. بەڵام بەداخەوە لەوێشدا دیتمان کە مەبەستی کۆماری ئیسلامیی ئێران پیلان بوو. ئێستاش هاوڕێیانی بەڕێز؛ کۆماری ئیسلامیی ئێران وتوویژ ناکات، یەکەم؛ لە بەر ئەوەیکە باوەڕی بەو مافانە نیە، دووهەم؛ ئێمە وەکوو کوردی ڕۆژهەڵات فاکتەرێکی ئەوەندە بەهێز نین کۆماری ئیسلامی مەجبوور بە وتوویژ بکەین.

بۆیە دوو ساڵ لەوە پێش ڕێبەراتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دوای لێکدانەوەی زۆر و دوای گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، بەو ئاکامە گەیشت کە؛ کەوابوو دەبێ حەول بدەین ببینە هێزێکی شوێندانەر. نەک وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەڵکوو وەکوو گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و تەنانەت لەگەڵ ئازایخوازانی ئێران. بۆ ئەو مەبەستە یەکەم هەنگاو کە دەبێ هەڵی بێنینەوە حزووری پێشمەرگەیە بۆ جارێکی دیکە لە نێوخۆی کوردستاندا. حزووری پێشمەرگە نەک لەبەر ئەوەیکە بە گژ هێزەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا بچێتەوە، ئەوە هەدەفی یەکەم نیە، بەڵکوو لە بەر ئەوەیە کە وەرەی خەڵک بەرز کاتەوە، خەڵک هیوادار بکات بە داهاتوو. کە پێشمەرگە لە نێوخۆدایە پڕوپاگەندای ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا بە خەڵکی گوتووە حیزبەکان نەماون و ئێوە دوو ڕێگاتان لە بەرە، یا دەبێ مل ڕابکێشن بۆ فەرمانە دواکەوتووەکانی ڕێژیمی ئێران و تەسلیم بن، یان دەبێ بکوژرێن پووچەڵ دەبێتەوە.

حزووری پێشمەرگە لە نێو خەڵکدا ئەو پەیامەی بە خەڵک دا کە، هێزی ئۆپۆزیسیۆنی کورد ماوە و خەڵک هەروا پشتیوانیەتی. بۆ ئەوەیکە ئێمە بتوانین خەباتی مەدەنی و بەربەرەکانێی خەڵک بەگشتی لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا بەهێز بکەین، بۆ ئەوەیکە خەڵک پشتیوانێک شک بەرێت بۆ ئەوەیکە بە شێوەی جیددی بێتە کایەی خەباتێکی دووبارە دژی کۆماری ئیسلامی. ئەگەر لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا چ لە کوردستان و چ لە بەشەکانی دیکەی ئێران، کەم و زۆر هەندێک جووڵە و خەباتێکی مەدەنی هەبووە، ئێستا دوای ٢٠ ساڵ بۆمان دەرکەوتووە کە ئەوە هیچ کاریگەرییەک لە سەر سیاسەت و کردەوەکانی ڕێژیمی کوماری ئیسلامی دانانێت، کە وابوو دەبێ بەهێزتر بین، بۆ ئەوەیکە بەهێز بین دەبێ خەڵک ئەو شۆڕشە بە هی خۆی بزانێت، تەنها چاوەڕوانی ئەوە نەبێت کە هێزی پێشمەرگە بە لوولەی تفەنگ ڕزگاری بکات. بەڵام هێزی پێشمەرگە دەتوانێ یارمەتیدەر بێت. ئەوەیکە باسمان کرد خەباتی شاخ و شار لێک گرێ بدەین، ئەو دووانە هەر دووکیان پێکەوە دەبن بە ئەهرۆمی فشار بۆ سەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە هاندەرن بۆ ئەوەیکە خەڵکی کورد بە هیواوە بێتە ڕیزی خەبات. ئەو سیاسەتە لەگەڵ پێشوازیی گەرمی خەڵک لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەرەوڕوو بووە.

ئێستا گرووپ، گرووپ لاوەکان لەو بەشەی کوردستان ڕوو دەکەنە حیزبی دێموکرات و چەکی پێشمەرگایەتی هەڵدەگرن، خەڵک لە نێوخۆی وڵاتدا، نەک هەر ئەندامانی نهێنیی حیزبی دێموکرات، بەڵکوو زۆربەی خەڵکی کورد و بە تایبەت گەنجەکان ئامادەن لە مەیدانی شەڕدا یارمەتیدەری پێشمەرگە بن، و لەو تێکهەڵچوونانەی کە لە بەینی پێشمەرگە و هێزەکانی پێشمەرگەدا هاتووەتە ئاراوە؛ دەوری خەڵک لە پێشمەرگە کەمتر نەبووە، و هەر بە پشتیوانیی ئەو خەڵکەیە کە تاکوو ئێستاش پێشمەرگەکانی ئێمە لە زۆربەی شوێنەکانی کوردستاندا حزووریان هەیە، لەگەڵ ئەوەیکە بەداخەوە شەهیدمان داوە، بەڵام کارێکی ئاوا گەورە بە بێ شەهیدان نابێت. بۆیە مەسەلەکە لەوەدایە کە بەڵێ دەمانهەوێ ببینە فاکتۆرێکی گرینگ، فاکتۆرێکی بەهێز، بەڵام چۆن دەمانهەوی ببین بە فاکتۆری بەهێز!، ئێمە لەپێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا و لە سیاسەتی خۆمان لەو بەشەدا، لەگەڵ هێزەکانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا چاوپێکەوتنمان کردووە، قسەمان لەگەڵ کردوون، سیاسەتی خۆمان بۆ شی کردوونەتەوە، پرسیارەکانمان وەڵام داونەتەوە. لە پێش هەمووناندا لەگەڵ هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێرانی دانیشتووین، مەشوەرتمان کردووە کە چ بکەین! چۆن دەتوانین هاوکاریی یەکتری بکەین! لەگەڵ وڵاتانی بڕیار بەدەستی دنیا و ناوچە دانیشتمان هەبووە، بۆمان شی کردوونەتەوە کە سیاسەتی ئێمە ئەوەیە و دەمانهەوێ سیاسەتەکەمان ئاوا بەرینە پێشێ. تەنانەت لەگەڵ گرووپەکانی غەیری کوردی ئێرانی دانیشتمان هەبووە و بۆمان شی کردوونەتەوە.

ئێمە ناڵێین کە هەموو خەڵکی ئێران تەئیدی سیاسەتەکانی ئێمە دەکەن، یا هەموو وڵاتانی ڕۆژئاوایی تەئیدی سیاسەتەکانی ئێمە دەکەن، بەڵام زۆرن ئەو کەسانەی کە لە دانیشتنەکاندا کاتێک کە بۆمان باس کردوون، پشتیوانیمان دەکەن. هەر کەس بە گوێرەی خۆی. ئێمە پێمان وایە تەنها ڕێگا ئەوەیە. ئێمە ٢٠ ساڵ دانیشتووین و دروشمان داوە، فەقەت دەردی دڵمان کردووە، کۆماری ئیسلامی ئاوا دەمانکوژێ، ئاوا دەمانچەوسێنێتەوە، مافی مرۆڤ پێشێل دەکات، ئەوەش کۆتایی نایەت و کۆماری ئیسلامی بەو گلەیی و بۆڵەبۆڵانەی ئێمە نە سیاسەتەکانی نێوخۆی گۆڕیوە، نە سیاسەتی دەرکیی گۆڕیوە. کە وابوو ئێمە وەکوو حیزبێکی سیاسی، هەم بەدەنەی حیزبەکەمان و ئەندامان و لایەنگرانی خۆمان، هەم خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاوەڕوانیی لە ئێمە هەیە. بۆ ئەو خەڵکە جێی قبووڵ نیە دانیشین لە گۆشەیەکی کوردستاندا چاوەڕوانی ڕووداوەکان بین، یا ئەوەندە دانیشین و پێکەوە قسە بکەین کە بە هیچ ئاکامێکیش ناگەین. بۆیە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات بڕیاری دا کە دەبێ هەنگاوی عەمەلی هەڵگرێت، دوور لە دروشم و دوور لە قسە، خەڵک لە دروشمدان و قسەکردنی ئێمە ماندووە بووە، بۆیە ئێمە دەمامهەوێ ئەو ماندووبوونەی خەڵک، ئەو چاوەڕوانییەی خەڵک، بە کردەوە جواب بدەینەوە، جوابی ئەرێنی، قەتیش نابێ چاوەڕوان بین هەموو خەڵکی کورد یا هەموو خەڵکی ئێران بێن لەگەڵ ئێمە هاوکاری بکەن.

بەڵام ئەو حەرەکەتەی ئێمە لە ماوەی ٢ ساڵی ڕابردوودا نیشانی دا، ئەگەر ئێمە کاری بە کردەوە بکەین لە دژی کۆماری ئیسلامی، خەڵک پشتیوانیمان دەکات. دیارە تەبیعەتەن ئەو کارە پرۆسەیەکی دوور و درێژە بە مانگ و دوو مانگ و ساڵ و دوو ساڵ جێبەجێ نابێت، بەڵام گرینگە خەڵک باوەڕ و متمانەکەی بگەڕێتەوە جێی خۆی، بۆ پشتیوانی کردنی ڕاستەوخۆ.

هەندێک خاڵی دیکەش باس دەکرێت کە لە ڕاستیدا هەمووی دروستە، کۆماری ئیسلامی بە هێزە و کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا نفوزی هەیە و ڕۆژ بە ڕۆژیش نفوزی خۆی زیاتر دەکات، دەسەڵاتی خۆی زیاتر دەکات، کە وابوو چۆن ئێمە دەمانهەوێ خەبات بکەین دژی ئەو ڕێژیمە؟ شتێکی زۆر تەبیعییە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هێزە، بەڵام ئێمەش دەتوانین بەهێز بین ئەگەر کردەوەمان هەبێت، ئەگەر بتوانین لە هەڵەکانی ڕابردوومان دەرس وەربگرین، و ئێمە ئێستا لەو بوارەدا هەنگاو دەنێین. بۆخۆمان پێمان وا نیە بەتەنێ دەتوانین کۆماری ئیسلامی بڕووخێنین، قەتیش ئەو ئیدعایەمان نەکردووە، بەڵام خەڵکی کورد بە هاوکاریی ئازادیخوازەکانی ئێران دەتوانێ کۆماری ئیسلامی بڕووخێنی، ئێمە دەستمان کردووە بەو پرۆسەیە.

باس لەوە دەکرێت کە کۆماری ئیسلامی واقعیەتێکە دەبێ قەبووڵی بکەین، بەڵێ ئەم واقعیەتە دروستە، بەڵام ئێمەش وەکوو هێزێکی شۆڕشگێڕ کە ئامانجمان ڕزگاریی نەتەوەییە و لەو ڕێگایەدا دەیان هەزار شەهید و ئاوارە و دەربەدەرمان داوە، چۆن دەتوانین ئەو واقعیەتە بگۆڕین، خۆ هەموو ڕێژیمە داگیرکەرەکان واقعیەت بوون، سەدام حوسێن واقعیەت بوو، بەشار ئەسەد واقعیەت بوو و هەموو ئەو حکوومەتانەی کە ڕووخاشن واقعیەت بوون، بەڵام ئێمەی کوردی ڕۆژهەڵاتیش واقعیەتین، بەڵام دەبێ ئەو واقعیەتەی خۆمان شێوەیەکی عەمەلی پێ بدەین.ل ە شەڕە دندووکە و دانوستانی بێئاکام و خۆ تاریف کردن بێینە دەرێ، فەزایەکی نوێ بخولقێنین و پێشمان وابێت کە هیچکاممان ناتوانین بە تەنیا هەنگاوی بەهێز هەڵگرین و ببینە ئەو هێزە شوێندانەرەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران مەجبوور بکات، یان تەنانەت دوای کۆماری ئیسلامیی ئێران، پێویستە بڵێم کە کێشەی ئێمە تەنیا خودی کۆماری ئیسلامی نیە، چوونکە حیزبی دێموکرات لە زەمانی شاشدا خەباتی کرد بو ڕزگاری، بەڵام کاتێک شا ڕووخا، دیکتاتۆری بە شکڵێکی دیکە هاتەوە و کورد دیسان مافی پێشێل کرا.

هیچ مەعلووم نیە کە دوای ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیش ئەو سێناریۆیە لە ئێراندا دووپات نەبێتەوە. چوونکە شۆڤێنیزمی ئێرانی ئەو تەجروبەیەمان دەداتێ بەداخەوە.

کە وابێ ئێمە دەبێ خەڵکەکەمان ئامادەی خەبات بکەین، ئومیدی پێ بدەین، بە کردەوە هێزی پێشمەرگە لە نێو خەڵکدا بێت. بۆ ئەوەیکە ئەو ئامادەییە هەبێ کە خەبات بکات و درێژە بە خەبات بدات بۆ ئازادیی خۆی، بۆ ئەو مەبەستە و لە پێناوی ئەو خەباتەدا، ئێمە دەستی دۆستایەتی لە پێشدا بۆ هەموو هێزەکانی کوردی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، بۆ گەلی کورد، بۆ ڕووناکبیران و بۆ ئازادیخوازان درێژ دەکەین و بۆ کوردی هەموو بەشێک.

مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ شەڕی داعشدا لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژئاواییەکان باسی ئەوەی کرد کە؛ "کورد لە باشوور شەڕی هەموو دونیا دەکات"، ئێمەی کوردیش خەباتەکەمان، شەڕە بۆ هەموو دنیا، بە تایبەتی بۆ کورد؛ چوونکە هیچ دوژمنێک فێڵبازتر، ستەمگەرتر و سەرکوتکەرتر لە کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ مافی کورد نیە، ئێمە کە خەبات دژی کۆماری ئیسلامی دەکەین، یانی خەبات دەکەین بۆ ئەوەیکە کۆماری ئیسلامی لاواز بێت، کە لاواز بێت دەستدرێژییەکانی کورتتر دەبێتەوە. بۆیە چاوەڕوانیمان ئەوەیە کە کورد لە هەموو بەشەکانیدا، چۆنی بۆ دەکرێت بە هەموو شێوەیەک کە بۆیان دەلوێت یارمەتیدەرمان بن. لە ڕاستیدا ئێمە پێشتر پێشبینیمان کردووە سێناریۆکەمان باش بچێتە پێشێ و بتوانین بە گوێرەی ئیمکانی خۆمان بچینە پێشێ و ئەو چەترە بەهێزتر بکەینەوە. ئەوەش ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بەدواوەیە کە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی یانی ئیمکانی سەقامگیری، ئاشتی و بەرەوپێشبردنی دێموکراسی لەو بەشە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. هیوادارم لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا بە دوور لە بەرزەفڕی بتوانین ئەو ئەرکانەی کە لە سەر شانمانە و هەستی پێ دەکەین بەرینە پێشێ و لەو پێوەندییەدا ڕۆژ بە ڕۆژ دۆستان و لایەنگرانی خۆمان زیاتر بکەین.

# سەعید تووسی، میراتگری ڕاستەقینەی مێژوویەکی پڕشوورەیی

سەلام ئیسماعیلپوور

لە چەند حەوتووی ڕابردوودا بڵاوبوونەوەی هەواڵی دەستدرێژیی سێکسیی حاج سەعید تووسی، مامۆستای قورئانخوێنی بەیتی خامنەیی بۆ سەر لانیکەم ١٩ منداڵ و مێرمنداڵ کە قوتابیی ناوبراو بوونە، مشتومڕی زۆری لە ڕاگەیاندنەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا نایەوە.
ئەوەی کە لەم پێوەندییەدا بۆ هێندێک کەسی بێئاگا لە جەوهەر و سروشتی ئیدئۆلۆژیی کۆماری ئیسلامی و مێژووی دەسەڵاتی سیاسی ـ ئایینی و هەروەها فەرهەنگی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێران سەرسووڕهێنەر بوو، ئەوە بوو کە پاش ئاشکرابوونی ئەو ڕاستییە پڕشوورەییە، حاجی سەعید نەك هەر بە سزای یاسایی خۆی نەگەیشت، بەڵکوو بە هۆی پاڵپشتیی بەیتی ڕێبەری و بگرە خودی خامنەیی لەو تاوانبارە، بڕیاری ڕاگرتنی دۆسیەی ناوبراو درا و ئێستا دەوترێت تەنانەت سکاڵاکەرانی دۆسیەکە کەوتوونەتە ژێر گوشاری دەزگا ئەمنییەکانی ڕێژیم. بۆ نموونە موحسینیی ئێژەیی، وتەبێژی دەزگای بەناو قەزایی ڕێژیم سکاڵاکەران بەوە تۆمەتبار دەکات کە دەیانهەوێ پیلانەکانی دژبەرانی ڕێژیم جێبەجێ بکەن.
بەڵام ڕاستییەك کە تەنانەت بنەماڵەی قوربانیانیش باش دەیزانن، ئەوەیە کە ئەو جۆرە بەدڕەوشتییانە نەك هەر حاڵەتێکی نائاسایی و دەگمەن و نەخوازراو نین کە ڕێژیم بیهەوێ بکەرانی سزا بدات، بەڵکوو دیاردەیەکی لە کردەوە و تیۆریدا پشتبەستوو بە پاشخانی مێژوویی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئیدئۆلۆژیکە کە کۆماری ئیسلامی و کولتووری سیاسیی ئەمڕۆی ئێران ناتوانێ خۆی لێ بێبەری بکات و نکۆڵی لەو ڕاستییە بکات کە ئەوەی وەك کۆڵەکەیەکی ئیدئۆلۆژیی حکوومەتیی ئێران لە سەدەکانی ڕابردوودا بە میرات بۆ ماوەتەوە و لە مێژووی ئێراندا و هەتا ئێستاش وەکوو چەکێکی سیاسیی گرینگ کەڵکیان لە دەستدرێژیی سێکسی وەکوو جۆرێك لە ئەشکەنجە وەرگرتووە و بە پێچەوانەی بانگەشەکانی سەرکۆماری پێشووی ڕێژیم لە زانکۆی کۆلۆمبیای ئەمریکا کە دەیگوت لە ئێراندا هاوڕەگەزبازیمان نیە، دەکرێ بە دڵنیاییەوە بڵێین کە گەندەڵیی ئەخلاقی و بەدڕەوشتی و نێربازی (کە لە ئەدەبیاتی ئێراندا بە ئەمرەدبازی و شاهدبازی ناوبانگی دەرکردووە) وەکوو نەریتێکی ئاسایی و خوویەکی گشتگیر لە مێژووی دەسەڵات لە ئێراندا جێگیر کراوە.



هەر بۆیە کاتێك کە لە سەر چاڵی مزگەوتی جەمکەران و لە تەنیشت سەرکۆماری پێشووی ڕێژیمدا خەڵکی باوەڕمەند لە ئایەتوڵڵا میسباح یەزدی، پرسیار دەکەن کە گەلۆ لە کاتی لێپرسینەوە لە زیندانییەکاندا دەکرێ دەستدرێژییان بکەیتە سەر؟ لە وەڵامدا دەڵێ دەبێ پێش دەستپێکردنی ئەو کارە دەستنوێژ بگرن و بە هەر شێوەیەك کە دەتانهەوێ، ئەو کارە ئەنجام بدەن و باشتر وایە کەسی دیکە لە ژووری لێپرسینەوەدا نەبێت، بەڵام ئەگەر زیندانییەکە پیاو بێت، باشتر وایە بە بەرچاوی کەسانی دیکەوە دەستدرێژیی بکرێتە سەر.
لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە گەلۆ دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر پیاوان و کوڕان لە زینداندا بە نێربازی حساب ناکرێت؟ دەڵێ لە بەر ئەوەی کە زیندانی ئەو کارەی بە زۆرەملی پێ کراوە، بە نێربازی نایەتە ئەژمار (واتە حەڵاڵە)، بەڵام ئەگەر بەو کارە ڕازی بێت، باشتر وایە ئیتر دووپات نەکرێتەوە. واتە لێرەشدا کە کارەکە بە نێربازی حیساب دەکات، بە تەواوەتی حەرامی ناکات و بە گوتنی "باشتر وایە" بە جۆرێك ئەو تاوانە مۆڵەتدار دەکات و مۆرکی ڕەوایی ئایینیی لێ دەدات.
لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە حوکمی دەستدرێژی بۆ سەر کچان لە زینداندا چیە؟ دەڵێ ئەگەر بڕیارە ئەو ژنە ئێعدام بکرێت، کەسی دەستدرێژیکەر هێندەی حەجێکی تەمەتوعی واجب، خێری دەگات، بەڵام ئەگەر زیندانی بڕیار نیە ئێعدام بکرێت، کەسی دەستدرێژیکەر هێندەی زیارەتێکی کەربەلا خێری دەگات.ئەوە جیا لە فتوای بەناوبانگی خومەینی لە کتێبی "تحریر الوسیلە"دایە کە ڕێگا بە پیاو دەدات تەنانەت ئەو کارە لەگەڵ کچی شیرخۆریش بکات و هاوسەرگیریی لەگەڵ بکات.
مێژووی ئیدئۆلۆژیی حکوومەتیی ئێران بەتایبەتی پاش هاتنەسەرکاری سەفەوییەکان لە ئێراندا مێژوویەکی تەژی لە دەستدرێژی و نێربازیی فەرمی و ڕێگەپێدراوە کە تەنانەت پیاوە ئایینییەکانیش تێیدا تاوانبار و بەشدارن.
ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دەستپێکی پێکهاتنی وڵاتی ئێران بە زەبری پیلانی کۆلۆنیالیزم و شمشێری خوێنڕێژی قزلباشانی سەفەوی، شا ئیسماعیلی سەفەوی وەکوو کەسێك کە تەنانەت لە پارلەمانی ڕێژیمی پەهلەویدا وەکوو "شا ئیسماعیلی مەزن" پێناسە کرا و کۆماری ئیسلامیش خۆی بە میراتگر و

> **هیچ سەیر نیە کە لە ئەمڕۆی دەسەڵاتی ئایینیی ئێراندا بەیتی ڕیبەری ببێتە لانکەی دێوەزمەکانی وەک سەعید تووسی، بەڵکوو سەیر ئەوەیە کە پاش زانینی ئەو مێژووە پڕشوورەییەش، هێشتا کەسانێک بیانهەوێ سکاڵای سەعید تووسییەکان ببەنە لای لۆعابچییەکان و مەلا باقرەکان و شا ئیسماعیلەکانی سەردەم**

درێژەدری ڕاستەقینەی ڕێباز و ئامانجەکانی دەزانێت، کەسێکی تا بینەقاقا چەقیو لە ناو ئەو بەدڕەوشتییانەدایە و درێژەدەرانی ڕێبازەکەشی لە ماوەی زیاتر لە دوو سەدەدا پابەندی نەریتەکەی بوون.
مێژوونووسانی سەفەوی دەڵێن شا ئیسماعیل تەنیا لە یەك ڕۆژدا دەستدرێژیی کردۆتە سەر دوازدە مێرمنداڵ کە لە سەرکوتی دڕندانەی شاری تەورێزدا بە دیل گیرابوون.سەربازانی قزلباش و سۆفییەکانی ئەو تاوانبارە و بگرە پیاوە ئایینییەکانی نێو دەسەڵاتەکەشی پێیان وابوو شا بۆی هەیە هەموو جۆرە کارێك بکات و ئەو کارانەشی نەك هەر بە گوناح ناژمێردرێن، بەڵکوو هەر کارێکی ناڕەوا بۆ ئەو ڕەوایە و خێر و حیکمەتی تێدایە (لە بیرۆکەی ویلایەتی موتڵەقەی فەقیهیشدا باس لە دەسەڵاتێکی هاوشێوە و لە سەرەوەی یاسا و ئەخلاق و تەنانەت ئایین، بۆ وەلی فەقیە دەکرێت). ئەوە بەدەر لەو دەستدرێژییانەیە کە لە شار و ناوچەکاندا لە لایەن سەربازان و سۆفییەکانی سەفەوییەوە دەکرایە سەر خەڵك و تەنانەت بە بەرچاوی خەڵکەوە بەکۆمەڵ دەستدرێژییان دەکردە سەر ژن و کچ و کوڕ و پیاو و پیر و لاو و منداڵ.لە ماوەی زیاتر لە دوو سەدە دەسەڵاتی سیاسی ئایینیی سەفەوییەکاندا لەشفرۆشی بۆ پیاوان و ژنان ڕێگەپێدراو و یاسایی بوو و یەکێك لە سەرچاوەکانی داهاتی حکوومەت، وەرگرتنی باج لە شوێنەکانی تایبەت بە مێرمنداڵ و پیاو و ژنە لەشفرۆشەکان بوو. لەو ماوەیەدا کە ئاخوندەکان دەسەڵاتی تەواویان لە کاروباری حکوومەتیدا بوو، نەك هەر پێشیان پێ نەدەگرت، بەڵکوو بە وەرگرتنی بەشێك لەو داهاتە، ژیانێکی خۆشیان ڕادەبوارد و بەو پارەیەش دەستیان دەدایە نووسینی کتێبی حەدیس و دۆعا بۆ گەوجاندنی زیاتری خەڵك و دانانی بەردی زیاتر لە سەر دیواری ئیدئۆلۆژییەك کە ئیستا کۆماریی ئیسلامیی لە سەر دامەزراوە.بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری باسەکە دەبێ ئاماژە بە پیشەیەك بە ناوی "لۆعابچی باشی" لە ماوەی دەسەڵاتی سەفەوییەکاندا بکەین. بۆ ئەوەی بزانین ئەو پیشەیە چی بووە، سەرنجی خوێنەران بۆ گێڕانەوەیەکی مێژوویی لە کتێبی "رستم التواریخ" بە قەڵەمی "موحەممەد هاشم ئاسف" مێژوونووسی دەرباری سەفەوی سەبارەت بە شا تەهماسبی دووەم ڕادەکێشین کە دەڵێ: "کاتێك کە شا لە بادە خومار و سەرخۆش بوو و دین و زانستی لە بیر چووەوە، بەو مەستییە لە جێگای خۆی هەڵسا و خۆی ڕووت کردەوە و فەرمانی بە غوڵامە ئەمرەدەکان (کوڕە بێ ڕیشەکان) دا کە ئەوانیش خۆیان ڕووت بکەنەوە و دەستیان نایە عەرز و ...یان بەرز کردەوە و کەسێکی لۆعابچی هات کە دەفرێکی زێڕینی پڕ لە لۆعابی پێ بوو کە ئەو شوێنەی غوڵامەکانی بۆ پاشا چەور دەکرد (تاکوو بتوانێ کاری سێکسییان لەگەڵ بکات) و شای سەرخۆش لە هەرکامەیان کە پێی خۆش بوو نزیك دەبووەوە و..." (رستم التواریخ ـ ل ٢٠٢)
ئەو پیشەیە داهێنانی شا ئیسماعیل بوو و لە حکوومەتی هەموو پاشاکانی سەفەویدا وەکوو پۆستێکی حکوومەتی مایەوە.
لە تەواوی ئەو ساڵانەدا ئاخوندەکانیش وەك لۆعابچییەکان بەشێك لە سیستمی حکوومەت بوون و لۆعابچییەکانیش مووچەی مانگانەی خۆیان لە وەزیرانێك وەردەگرت کە هەموویان ئاخوند بوون و نموونەشیان مەلا باقر مەجلیسی، نووسەری کتێبی بەناوبانگی "بحار الانوار"ە کە ١١٠ بەرگ لە خۆ دەگرێت و یەکێك لە گرینگترینی ئەو کتێبانەیە کە لە حەوزە عیلمییەکاندا دەخوێنرێت و خومەینی و خامنەیی و هەموو ئاخوندەکانی دیکەش خوێندوویانە و وەکوو سەرچاوەیەکی گرینگ بۆ ئیدئۆلۆژییە حکوومەتییەکەیان کەڵکی لێ وەردەگرن. کەواتە هیچ سەیر نیە کە لە ئەمڕۆی دەسەڵاتی ئایینیی ئێراندا بەیتی ڕیبەری ببێتە لانکەی دێوەزمەکانی وەك سەعید تووسی، بەڵکوو سەیر ئەوەیە کە پاش زانینی ئەو مێژووە پڕشوورەییەش، هێشتا کەسانێك بیانهەوێ سکاڵای سەعید تووسییەکان ببەنە لای لۆعابچییەکان و مەلا باقرەکان و شا ئیسماعیلەکانی سەردەم.

## کۆبوونەوەی "ڕۆژی کوورش"، بوو بە ڕێوڕەسمی حەجی فاشیستەکان

کۆبوونەوەی ڕەگەزپەرستانەی "ڕۆژی کوورش" لە شوێنی ئاسەواری مێژوویی پاسارگاد، بۆ جارێکی دیکە بە گوتنەوەی کۆمەڵێك لێدوان و دروشمی ڕەگەزپەرستانە بە تایبەتی دژ بە عەرەبەکان و پێداگرییان لەسەر پێویستیی ملکەچبوونی نەتەوە بندەستەکانی ئێران بەرانبەر بە داگیرکاریی سیستمی سەرکوتکەری ناوەندگرای ئێران بەڕێوە چوو.
ڕۆژی هەینی ٧ی خەزەڵوەری ١٣٩٥ی هەتاوی لە شوێنی ئاسەواری مێژوویی پاسارگاد، کۆمەڵێك لە خەڵکی شۆڤینیست بە بیانووی "ڕێزلێنان" لە کوورشی هەخامەنشی، دەستیان دایە گوتنەوەی دروشمی ڕەگەزپەرستانە و پێداگری لەسەر بەردەوامبوونی سیستمی داگیرکاری دژ بە نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران.بە گوێرەی هەواڵی ئەلعەرەبیە، لەو کۆبوونەوەیەدا کۆمەڵێك لە بەشداربوان ئەم دروشمانە و دروشمی هاوشێوەیان دووپات دەکردەوە:
"ئێمە ئارياييین، عەرەب ناپەرەستین"، "ئەگەرچی دەڵێن بە دەست خودایە، بە دەست عەرەبە هەرچی بەڵایە".
لە بەشێك لەو ڕێوڕەسمەدا چەند کەسێك بە لەبەرکردنی جلوبەرگی تایبەت بە نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران وایان نیشان دەدا کە گوایە ئەو گەلانەش لە وەهمی شۆڤینیستی و مەزنیخوازانەی بەشداربوان و بەڕێوەبەرانی ئەو ڕێوڕەسمەدا بەشدارن.
زۆربەی ڕاگەیەنە فارسییەکانی وڵاتانی ئورووپایی و ئەمریکا کە هەواڵی ئەو ڕووداوەیان ڕوومالّ کردووە، لە ڕاپۆرتەکانی خۆیاندا هیچ ئاماژەیەکیان بە کەشوهەوای ڕەگەزپەرستانەی زاڵ بە سەر کۆبوونەوەکەدا نەکردووە و هەوڵیان داوە تەنیا وەك کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی خۆڕسك و تەنانەت دژ بە ڕێژیم پێناسەی بکەن.
ئەوە لە کاتێکدایە کە نیشانەکان دەری دەخەن ڕێژیمی ئێران هەوڵ دەدات لەو کۆبوونەوەیە و ئاراستە شۆڤینیستی و دژەعەرەبییەکەی، بە قازانجی دەستێوەردانەکانی خۆی لە وڵاتانی عەرەبیدا و هەروەها هەوڵەکانی بۆ تواندنەوەی نەتەوە بندەستەکانی ئێران کەڵك وەربگرێت.
تا ئێستا نەك هەر هیچ ئۆرگانێکی حکوومەتیی ئێران یان لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دژ بە دروشمە ڕەگەزپەرستانەکانی ئەو کۆبوونەوەیە هەڵوێستیان نەگرتووە، بەڵکوو بە شێوەیەکی بەربڵاو هەوڵیان داوە ڕوومالّی وێنە و هەواڵەکانی کۆبوونەوەکە بکەن.
دەبێ بوترێت، ئەو بۆنەیە کە بەڕێوەبەران و بەشداربووانی ڕێوڕەسمی پاسارگاد وەکوو "ڕۆژی جیهانیی کوورش" ناوی لێ دەبەن، لە لایەن هیچ دامەزراوەیەکی نێونەتەوەیی وەك نەتەوە یەکگرتووەکان یان ئۆرگانە پێوەندیدارەکانی وەك "یۆنسکۆ"وە بە فەرمی نەناسراوە.شایانی باسە کە باس لەسەر شوێنی ناشتن و هۆکاری مردنی کوورش، دامەزرێنەری پاشایەتیی هەخامەنشی و داگیرکەری ماد و بەرهەم و ئاسەوارە بەجێماوەکانی ناوبراو، هەمیشە جێگەی مشتومڕێکی زۆر بووە.گوتنەوەی دروشمی ڕەگەزپەرستانە و فاشیستی بە بۆنەی ڕۆژی کوورش، لە کاتێکدایە کە بەشێك لە ئێرانییەکان بە دروست یان هەڵە، خودی کوورش بە "باوکی مافی مرۆڤ" لە قەڵەم دەدەن و باس لە لەوحەیەکی دەستکردی ناوبراو دەکەن کە گوایە تێیدا باسی لە کۆمەڵێك لە بنەماکانی مافی مرۆڤ کردووە.

# دۆمینۆی "ئیختلاسەکان" لە ئێران

شەماڵ تەرغیبی

لە دوو بانکی "ملی" و "ملت"دا، گەندەڵیی ماڵیی نزیک بە ١٢٠٠ میلیارد تمەنی ئەنجام دراوە؛ لەم گەندەڵییە گەورەیەدا، پشکی بانکی "ملی" ٨٠٠ میلیارد تمەن و بانکی "ملت" ٣٠٠ میلیارد تمەن خەملێندراوە. بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە دوابەدوای ئاشکرابوونی گەندەڵی ٨هەزار میلیارد تمەنیی بەڕێوەبەری گشتیی سندووقی پاشەکەوتی فەرهەنگیانی ئێران دێتە ئاراوە کە لە زاری موحسینی ئێژەیی، وتەبێژی دەزگای قەزایی ڕێژیمی ئێران ئاشکرا بوو.

ئەمە یەکەمجار نییە کە هەواڵی لەم چەشنە لە ڕاگەیەنەکاندا بڵاو دەبێتەوە و لە دەیەی ٧٠ی هەتاوی بەملاوە بەردەوام ئێمە شاهێدی زنجیرە ئیختلاسی لەم چەشنە لە قەبارەی جۆربەجۆر هەین؛ ئەم دۆخەش وای کردووە کە وەک ئابووریناسان و کارناسانی بواری ئابووریی ئێران دەڵێن؛ گەندەڵی ئاوێتەی سیستمی ئابووریی ئێران بووە، کە پەروەندەکانی وەک بابەک زەنجانی، مێهئافەرید ئەمیر خۆسرەوی، مورتەزا ڕەفیقدوست، شاندیز، بیمەی ئێران، ئیختلاسی ١٢هەزار میلیاردی و مووچە نجوومییەکانی لێکەوتۆتەوە.

کۆی ئەم پەروەندانەش وای کردووە کە وەک دەزگای "شەفافیەتی نێونەتەوەیی" دەڵێ، ئێران ببێتە یەکێک لە گەندەڵترین وڵاتەکانی جیهان. بەپێی ڕاپۆرتی ئەم ناوەندە نێونەتەوەییە، ئێران لەنێوان ١٧٧ وڵاتی جیهان لە ساڵی ٢٠١٣دا، پلەی ١٤٤ی وەدەست هێناوە.

وەک چاوەدێرانی بازاڕ و شارەزایانی ئەم بوارەش دەڵێن، "گەندەڵی" لە ئێراندا بەشێوەیەکی سیستماتیک "نەهادینە" کراوە و لەهەر کون و قوژبنێکی ئەم وڵاتەدا ئاسەوارێکی گەندەڵی دەبیندرێ، بەچەشنێک کە ئەگەر کەسێک هەلی کەڵکاژۆوەرگرتن لە پێگە کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسییەکەی بۆ هەڵکەوێت و کەڵکی لێوەرنەگرێ، وەک کەسێکی گەمژە و نەزان سەیر دەکرێت! بە واتایەکی دیکە، دیاردەی گەندەڵی و ئیختلاس لە ئێران هەنووکە وەک فەرهەنگی زاڵ سەیر دەکرێت کە تێیدا هیچ کەس بیر لەوە ناکاتەوە کە ئەو کارەی دەیکات درووستە یان هەڵەیە، چوونکە کاتێک سەیری دەوروپشتی خۆی دەکات دەبینێ کە هەموان، هەر لە دەسەڵاتبەدەستانەوە بگرە تاکوو بەڕێوەبەر و کارمەندێکی ئاسایی ئیدارە یان کۆمپانیایەک، وەکوو ئەو هەوڵ بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە دەدەن، بۆیە پێی وایە کە زۆر ئاساییە کە ئەو گەندەڵییە ئەنجام بدات.

هۆکار و ڕیشەی سەرهەڵدانی ئەم دۆخەش لەڕاستیدا بوونی ئابووریی داخراوی حکومەتی لە ئێران و لەهەمانکاتیشدا شۆڕبوونەوەی گەندەڵی لە نێو دام و دەزگا حکومەتییەکانە؛ بەتایبەت ئەو ناوەند و دەزگایانەی کە یان جێبەجێکاری یاساکانن یان چاودێر بەسەر یاساکان و بەڕێوەچوونیانن، بۆ وێنە: شۆراکان و شارەدارییەکان، کەرتی نیمچە حکومەتی، بانکەکان، نوێنەرانی مەجلیس، هێزی دادوەری، حەوزەی عیلمیە و وەزارەتەکانی دەوڵەت.

مەنسور شەمس ئەحمەدی ئەندامی شۆرای بەرزی ئەنجومەنی حیسابدارە لێزانەکانی ئێران سەبارەت بەم پرسە دەڵێ: کێشەی سەرەکیی ئێمە نەبوونی مەیل و ویستێک بۆ جێبەجێ کردنە، واتە هیچ ئیرادە و ویستێک بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکان بەشێوەی سروشتیی خۆیان بوونی نییە؛ ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ نەبوونی یاسایەکی تۆکمە بۆ بەرپەرچدانەوەی گەندەڵییەکان و بەرخورد لەگەڵ گەندەڵکاران.

بۆ ڕوونبوونەوەی باشتری ئەم پرسە دەگەڕێینەوە بۆ یەکەم ئیختلاسی میلیاردیی تۆمارکراو لە ئێران؛ لە دەیەی ٧٠ی هەتاویدا ئیختلاسێک هاتە ئاراوە کە بە ئیختلاسی ١٢٣میلیاردی ناوبانگی دەرکرد. لەو کاتەدا فازڵ خۆداداد بە هاوکاریی هەندێک لە کارمەندانی بانکی "صادرات" بڕی ١٢٣میلیارد تمەنیان هەڵلووشی کە دواتر ناوبراو لە سێدارە درا؛ بەڵام بۆچی ڕەوتی دزی و گەندەڵییەکان لە ئێران کەمیان نەکرد و بەردەوام ڕوویان لە زیادبوون کرد؟ لە ڕاستیدا یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم پرسە نەبوونی ناوەند یان ئۆرگانێک بۆ چاودێری کردن بەسەر داهات و دەرکەوتەکان و هەروەها لێپێچینەوە و لێپرسینەوە لە گەندەڵکاران دەگەڕێتەوە. هەڵبەت ئەوەشمان لەبیر بێت کە ئەگەر تەنانەت ناوەندێکی واش بوونی هەبێ ئەوە تەنیا بۆ لێپێچینەوە کردن لە خەڵکی ئاسایی تووشبوو بەمجۆرە گەندەڵکارییانەیە و کەسانی خاوەن دەسەڵاتی گەندەڵ هیچ کات ناکەونە بەر لێکۆڵینەوەی ئەم ناوەندانە.

باشترین بەڵگەش بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە دەقی قسەکانی حەسەن ڕۆحانی لە ڕێکەوتی ١٢ی خەزەڵوەر، لە دانیشتنی مەجلیسی ڕێژیم بۆ وەرگرتنی دەنگی متمانە بۆ ٣ وەزیری پێشنیاریی وەزارەتەکانی پەروەردە و بارهێنان، ئیرشاد و وەرزشە کە سەبارەت بە گەندەڵیی ٨ هەزار میلیاردیی سندوقی پاشەکەوتی فەرهەنگیانی ئێران گوتبووی: پێویست ناکات هێندەش ئەم گەندەڵییە گەورە بکرێتەوە! دواتریش ڕوو لە ڕاگەیەنەکان وتی بڵاوکردنەوەی ئەم چەشنە هەواڵانە بەجۆرێک پۆمپاژ کردنی ناهومێدییە و نابێ بکرێت! ئەم قسانە لە کاتێکدا لە زاری سەرۆکی دەوڵەتی یازدەیەمی ڕێژیمەوە دێنە دەرێ کە بۆ پەروەندەی گەندەڵیی بابەک زەنجانی خودی ئەم بەڕێزە و هاوپیاڵەکانی لە تەپڵیان دەکوتا کە گوایە گەندەڵییەکی سەردەمی ئەحمەدینژادیان دۆزیوەتەوە و بە ڕاگەیاندنیان دەکرد؛ ئەدی بۆچی لەو کاتەدا بۆ ئەوان ڕەوا بوو بەڵام ئێستا بەڕاگەیاندن کردنی گەندەڵی بە کارێکی نەشیاو دەزانرێت؟ ئەمە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە تەنانەت لە دزی و ئیختلاسەکانیشدا ئەگەر لایەنی خودی بیکات هەوڵێک بۆ شاردنەوەی هەیە، بەڵام ئەگەر هی خۆدییەکان نەبوو پێویستە زوڕنای بۆ هەڵبگری! لەمەش خراپتر ناوبراو بۆ گەندەڵکارەکانی نێو باندەکەی دەپاڕێتەوە و دەڵێ: ئەگەر کەسێک تووشی تاوانێکیش بوو، با تۆبە بکات و ئێمەش لێی ببورین و ڕێگەی پێ بدەین تاکوو قەرەبووی بکاتەوە؟!

لە کۆتاییدا بەس ئەوەندە دەڵێین کە ئەمە ڕەوتی دۆمینۆی "ئیختلاسەکان" لە ئێرانی ئیسلامیدایە، بەڵام دوایین دۆمینۆ بەر کێ دەکەوێت؟



## هەواڵی ئابووری

### گەندەڵییەکی ماڵیی دیکە لە ئێراندا ئاشکرا بوو

بەرپرسانی بانکیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دەستیان داوەتە گەندەڵی لە سیستمی ماڵیی وڵاتدا.

بەپێی ڕاپۆرتی ڕاگەیەنە حکوومەتییەکان، لە دوو بانکی "ملی" و "ملت"دا، گەندەڵی ماڵیی نزیک بە ١٢٠٠ میلیارد تمەنی ئەنجام دراوە.

لەم گەندەڵییە گەورەیەدا، پشکی بانکی "ملی" ٨٠٠ میلیارد تمەن و بانکی "ملت" ٣٠٠ میلیارد تمەن خەملێندراوە.

داواکاری گشتیی ئێران وێڕای ڕاگەیاندنی بزر کرانی ئەو برە پارەیە، وتویەتی؛ تاوانباری سەرەکی ڕایکردووە و پێنج کەس لە دەستوپێوەندییەکانی دەستبەسەر کراون.

مۆنتەزێری لە وتوویژی کاناڵی ٢ی سیمادا، تەنیا بە ڕەستەگەلی "بۆ وڵات باش نیە و بۆ نیزامیش قورسە" پەرچەکرداری هەبووە.

ئەو دوو شیرکەتە خزمەتگوزارییە ماڵییە، یەکەمین و سێهەمین بانکەکانی گەورەی ئێرانن کە لە چوارچێوەی "بانکداریی دەوڵەتی" پۆلێن دەکرێن.

ماوەیەک پێش ئێستاش، موحسین ئێژەیی، وتەبێژی دەزگای قەزایی ڕێژیمی ئێران، لە "سەرپێچی ماڵیی" ٨ هەزار میلیارد تمەنیی بەڕێوەبەری گشتیی سندووقی پاشەکەوتی فەرهەنگیانی ئێران هەواڵی دا.

یەکەمین گەندەڵیی ماڵی لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بۆ دەیەی ٧٠ی هەتاوی و دزینی ١٢٣ میلیارد تمەن لە بانکی "صادرات" دەگەڕێتەوە.

ئاشکرابوونی گەندەڵیی ماڵی لە سیستمی بانکی لەکاتێکدایە کە بە سەدان هەزار هاووڵاتی لە وەرگرتنی وام و ئاسانکاریی بانکی، تووشی بەربەست دەکرێن.

هەبوونی پێوەندی لەگەڵ ناوەندەکانی دەسەڵاتی سیاسی، گرینگترین هۆکاری دەستپێڕاگەیشتن بە سەرمایە و پارەی بێسنوور لە ئێران هەژمار دەکرێت.

### گەمارۆ ئابوورییەکان دژی ڕێژیمی ئێران درێژ دەکرێنەوە

کۆماریخوازەکانی کۆنگرەی ئامریکا لە هەوڵی ئەوەدان گەمارۆ ئابوورییەکان دژی ڕێژیمی ئێران بۆ ماوەی ١٠ ساڵی دیکە درێژ بکەنەوە.

هەواڵدەریی "ڕۆیتێرز" ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٤ی خەزەڵوەری ١٣٩٥ی هەتاوی، لە ڕاپۆرتێکدا بڵاوی کردووەتەوە کە؛ کۆماریخوازەکانی کۆنگرەی ئامریکا لە هەوڵی ئەوەدان کە گەمارۆ ئابوورییەکان دژی ڕێژیمی ئێران بۆ ماوەی ١٠ ساڵی دیکە درێژ بکەنەوە.

ئەو گەمارۆ ئابوورییانەی کە دژی ڕێژیمی ئێران پەسند کراون، ڕێکەوتی ١١ی بەفرانباری ١٣٩٥ی هەتاوی ماوەی یاساییان بەسەر دەچێت.

کۆماریخوازەکان دەیانهەوێ پێش ئەوەیکە ماوەی یاسایی گەمارۆکان بەسەر بچێت، یاسای درێژکردنەوەی گەمارۆکان بخەنە بەر دەنگدان.

هەروەها ٧ سێناتۆری دێموکراتی پایەبەرز لە کۆنگرەی ئامریکاش بە ڕێبەرایەتی ڕیچارد بلۆمێنتال لە نامەیەکدا بۆ میچ مەک کانێل سەرۆکی زۆرینەی کۆماریخوازەکانی سێنا داوایان کردووە کە یاسای درێژکردنەوەی گەمارۆکان دژی ڕێژیمی ئێران بخەنە دەنگدانەوە و بڕیاری لە سەر بدەن.

کۆماریخوازەکان هەروەها داوایان کردووە کە؛ لە کاتی تاوتوێ کردنی درێژکردنەوەی گەمارۆکان دژی ڕێژیمی ئێران، بەپێی یاسا ئەو شیرکەتانەی کە لە ماوەی یەک ساڵدا زیاتر لە ٤٠ میلیۆن دۆلار لە ئێراندا سەرمایە گوزاری دەکەن، لە بازرگانی لەگەڵ دەوڵەتی ئامریکا بێبەری بکرێن.

لە کاتی ئێستادا دوو گەڵاڵە لە لایەن دێموکرات و کۆمارییەکانی سێنا، بۆ درێژکردنەوەی یاسای گەمارۆکان دژی ڕێژیمی ئێران بە سێنا ڕادەست کراوە.

لەو گەڵاڵەیەدا هەروەها چالاکییە موشەکییەکانی ڕێژیمی ئێرانیش خراوەتە بەر باس.

دۆخی ئابووریی ڕێژیمی ئێران لە دوای پەسندکردنی گەمارۆ ئابوورییەکان دژی ڕێژیمی ئێران نالەبارە و بەرپرسانی ڕێژیمی ئێرانیش لە هەوڵدان کە گەمارۆکان لابەرن.

### لەمەودوا باجی ڕێگەوبانیش وەردەگیرێ

لە حاڵێکدا کە بارودۆخی ڕێگەوبانەکان لە ئێران یەکێک لە کێشە ڕۆژانەکانی خەڵکی ئێرانە، بەرپرسانی ڕێژیم لەباتی چارەسەرکردنی، بیر لە وەرگرتنی باج دەکەنەوە.

جێگری وەزیری ڕێگەوبان و شارسازی بە هەواڵدەریی حکومەتیی "تەسنیم"ی وتووە؛ لە ساڵدا پێویستمان بە ٧ هەزار میلیارد تمەن هەیە بۆ پاراستنی ڕێگەوبانەکان، کە پێویستە لەمەودوا ئەم پارەیە لە خەڵک وەربگرین.

گەڵاڵەی پێشنیار کراوی ناوبراو لەژێرناوی "باجی سووتەمەنی"، یەکێکە لە فازەکانی پرۆژەی خۆدزینەوە لە ئەرکەکان، کە ساڵانێکە لەلایەن لێپرسراوانی حکومەتییەوە لە بیاڤە جۆراوجۆرەکانی ژیانی خەڵکدا ڕەچاو دەکرێت، کە زەقترین نموونەشی ئەستاندنی زۆرەملێی پارە لە قوتابیانە.

چەسپاندنی ئەم گەڵاڵەیە بە واتای گرانتر کردنی تێچووی ژیانی خەڵک لە ئێران دێت کە وەک لە نوێترین ڕاپۆرتی بانکی ناوەندیی ڕێژیم بۆ ساڵی ٩٤ی هەتاویدا درکاوە، بە بەراورد لەگەڵ ساڵی پێشتری خۆی، ئاستی داهات و تێچووەکانی خانەوارەکان، گۆڕانی بەسەردا هاتووە و نێونجی تێچووی مانگانەی خانەوارە شارنشینەکان لە ئێران بریتییە لە ٢ میلیۆن و ٩٣٨ هەزار تمەن کە لە ساڵدا دەکاتە ٣٥ میلیۆن و ٢٥٩ هەزار تمەن.

خستنە ئەستۆی تێچووەکانی وەک خوێندن، پێداویستییە پزیشکییەکان، چاک کردنەوەی ڕێگەوبانەکان و... هتد، بەشێکن لە ئەرکە سەرەتاییەکانی دەوڵەت، کە لە ئێراندا بەناوی جۆراوجۆر هەوڵ دەدرێت خۆیانی لێ بدزنەوە و بەرپرسایەتییەکەی بخەنە ئەستۆی خەڵکی ئاسایی کە بەشی زۆریان بۆ نانی شەو داماون.

# بەسیجی قوتابی و مافی منداڵان لە ئێراندا



کەیوان دروودی

بابەتەکە بۆ ڕۆژی ٥ی سەرماوەزی ١٣٥٨ هەتاوی، ئەو کاتەی کە خومەینی بە خەونی بەدیهێنانی سپای بیست میلیۆنی فەرمانی دەرکرد، دەگەڕێتەوە. ئەمە بووە سەرەتایەک بۆ ئەندامگیریی سپای تیرۆریستی پاسداران لەنێو منداڵان لە ئێراندا. دەرنجامەکەی، ڕەوانەکردنی نزیک بە چوار میلیۆن منداڵ بۆ کوشتارگەی گەورەترین شەڕی موتعارفی سەدەی بیستەم بوو کە بەپێی ئامارەکانی خودی ڕێژیم؛ نزیک بە سی و شەش هەزار منداڵ لەو شەڕەدا کوژران. لەڕۆژی ٨ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ هەتاوی، لە کردەوەیەکی خۆکوژیدا کە ڕێژیمی ئێران وەکوو "روحیەی جهادی" پەرەی پێ‌دەدا، منداڵێکی تەمەن ١٣ ساڵان دەست دەداتە کردەی خۆکوژی و گێڕانەوەی مردنی ئەو منداڵە کە وەک کەرەستەی مین هەڵگرتنەوەی سپای پاسداران کەڵکی لێ وەرگیرا، لەنێو وانەکانی قوتابخانە بۆ پەرەپێدانی فەرهەنگی خۆکوژی و توندوتیژی جێی کرایەوە.لەدرێژەی ئەم ڕەوتەدا و لەپێناو پێکهێنانی بەستێنی بەناو «یاسامەندی چالاکیی دامەزراوەکانی بەسیج و سپا»، مەجلیسی ئیسلامی لە ساڵی ١٣٧٥ هەتاوی، گەڵاڵەی پێکهاتن و پەرەپێدانی بەسیجی پەسند کرد تاکوو نەریتی کەڵکئاژۆ وەرگرتن لە منداڵان زیاتر لەجاران سیستماتیک بکرێت و ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە ڕێژیمی ئیسلامی دوو ساڵ پێشتری کۆنوانسیۆنی مافی منداڵانی قبووڵ کردبوو؛ بەڵام ئەو قبووڵ کردنە مەرجدار بوو. کۆماری ئیسلامی لە دەقی کۆنوانسیۆنەکە بە قازانجی دەزگای ئایدۆلۆژی خۆی کەڵکی وەرگرتووە و لە مەرجەکانیدا، دزەڕێیەک دەهێڵێتەوە کە دەقەکەی بەو شێوەیە:

"لەهەر حاڵەتێکدا و لەهەر کاتێکدا لەدژایەتی لەگەڵ یاسا نێوخۆییەکانی کۆماری ئیسلامیدا بێ، لەبەرچاوگرتنی پێویست نییە".

ئەو ویستەی ڕێژیم سەرچاوەگرتوو لە ڕستەی "یاسای شیاوی جێبەجێ کردن" (قانون قابل اعمال) لە دەقی پەیماننامەکە بوو کە جێبەجێ کردنی ناوەڕۆکەکەی تا ئاستێک دەبەستێتەوە بە یاسا نێوخۆییەکانی وەڵاتانەوە. پرۆتۆکۆلی دڵخوازانەی ئەو کۆنوانسیۆنە و قازانجپەرەستیی ڕێژیم لە ڕێکەوتی ٢٥ی مانگی مەی ساڵی ٢٠٠٠ی زایینی، پرۆتۆکۆلی دڵخوازانەی مافی منداڵان لە کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسند کرا. ماددەکانی ئەو پرۆتۆکۆلە لەبەرگرەوەی دوو بەندە کە وەک خۆی بەم شێوەیەیە:

"پرۆتۆکۆلی هاوپێچ لەبارەی کڕین و فرۆشتنی منداڵان، لەشفرۆشیی منداڵان و سووکایەتی بە منداڵان"، کە ئەو هەوڵ و کارانە لە وڵاتانی ئەندام قەدەغە دەکات، و هەروەها "پرۆتۆکۆلی هاوپێچ لەبارەی کەڵک وەرگرتن لە منداڵان لە کێشە چەکدارییەکان" کە خزمەتی سەربازیی زۆرەملێی کەسانی خوار تەمەن ١٨ ساڵ قەدەغە دەکات و ئەندامەکانی بۆ پێشگرتن لە ئەندام بوونی منداڵان لە گرووپە چەکدارییەکاندا دەرووست دەکات.

ئەم پرۆتۆکۆلە سەرەڕای پێشێلکردنی بەئاشکرا لە ئێراندا، ئێستا پاش پەسندکردنی لە کابینەی دەوڵەت نێردراوەتە کۆمیسیۆنە تایبەتەکان و کۆتا قوناغەکانی بۆ بوونە یاسا تێپەڕ دەکات. وتەبێژی کۆمیسیۆنی قەزایی مەجلیس ماوەیەک پێش ئێستا لەم بارەیەوە ڕایگەیاند: «ئەو گەڵاڵەیە جەخت دەکاتەوە کە منداڵان و مێرمنداڵان نابێ بەشداری کێشە چەکدارییەکان بکرێن و لە ٨ ساڵەی شەڕدا فەرماندەران و ئیمامیش ئیزنی بەشداریی منداڵان و مێرمنداڵانی لە شەڕ نەدەدا، مێرمنداڵان بە گۆڕینی ناسنامەکانیان بەشدارییان لە شەڕدا دەکرد. بەسیجی هەژاران(بسیج مستضعفان)یش کە منداڵ و مێرمنداڵان تێیدا ئەندامن، ڕێکخراوێکی فەرهەنگی، دژبە قەیران و پاڵپشتیکەری نیزامە، هیچکەس بە زۆرەملێ وەرناگرێ و ئەندامەتی تێیدا دڵخوازانەیە». ئەم بۆچوونە زیاتر لە جۆک و قسەی خۆش دەچێت تاکوو بەرگری کردنێک. ڕوونە کە هەژماری ٤ میلیۆن منداڵێک کە نێردرانە بەرەی شەڕی سپای پاسداران، لەڕووی چەندایەتییەوە ئەوەندە گەورەیە کە بەبێ ڕێکخستنێکی سیستماتیک و باسکی بەهێزی جێبەجێکار ئەو کارە نەلواوە.

> لەپێناو پێکهێنانی بەستێنی بەناو یاسامەندی چالاکیی دامەزراوەکانی بەسیج و سپا، مەجلیسی ئیسلامی لە ساڵی ١٣٧٥ هەتاوی، گەڵاڵەی پێکهاتن و پەرەپێدانی بەسیجی پەسند کرد تاکوو نەریتی کەڵکئاژۆ وەرگرتن لە منداڵان زیاتر لەجاران سیستماتیک بکرێت

**نوێترین کردەوەی ڕێژیمی ئیسلامی لە بیاڤی مافی منداڵاندا**

ماوەیەک پێش ئێستا ڕاپۆرتێکی هەژێنەر لەبارەی دۆسییەک کە لە دووتوێی دەزگای دادوەریی بەستراوە بە ڕێژیمی ئیسلامی تۆزی لێ نیشتبوو؛ بڵاوکرایەوە. بەپێی لێدوانی هەندێ لە منداڵانی قوربانیی ئەو کردەوە و ئەو دۆسییە، داواکاری گشتیی تاران بە پێوەندییەکی تەلەفوونی لەلایەن بەیتی خامنەییەوە پێشی بە درێژەی ڕەوتی دادڕەسی دۆسیەی دەستدرێژی قورئانخوێن سەعید تووسی بۆ سەر منداڵانی فێرخوازی قورئان گرتووە. کەچی بەپێی قسەی هەندێ لە لێپرسراوانی ڕێژیمی ئیسلامی، جێگای هیچ گومانێک لەبارەی ئەو دۆسییە نەماوە و دەستێوەردانی دامەزراوە سەروویاساییەکان( هەڵبەت ئەگەر یاسایەک بوونی هەبێ)و بەیتی خامنەیی بۆ پێشگرتن بە بەدواداچوونی دەزگای دادوەری، گومانەکە بووەتە دڵنیایی. دەبێ بگوترێت ئەم ڕێژیمە دواکەوتووە نەتەنیا هەموو کردەوە نێوخۆییەکانی پێسپێردراو لەلایەن ڕێکخراوە جیهانییەکانی مافی منداڵان و بەتایبەتی کۆنوانسیۆنی مافی منداڵانی بە قازانجی دەزگای ئایدیۆلۆژی خۆی، و نە لە پێناو باشترکردنی دنیای منداڵانی ئێران نوژەن دەکاتەوە، بەڵکوو لەسەرەوە و بە تایبەتی کەسی یەکەمی ئەو هێرەمە گەندەڵەوە پێشل دەکرێت. خاڵێکی دیکەی ئەو ڕووداوە نیشانەیەکە لە پەسند کردن و پێشێلکرانی هاوکاتی بەندی یەکەمی کۆنوانسیۆنی مافی منداڵان.مەبەستی نووسەری ئەم دێڕانە لێرەدا جەختکردنە لەسەر پرەنسیپەکان و پەیمانە نێودەوڵەتییەکان، هەربۆیەش نەپرژاوەتە سەر پێشلکرانی مافی منداڵان لە لایەن سیستمی پەروەردە و بەرەودانی توندوتیژی، لەپێشبوونی دەقی ئایدیۆلۆژی لە یاسا جیهانییەکانی وەک تەمەنی یاسایی، پێشلکرانی مافی منداڵان لەنێو بنەماڵەی ئێرانیدا و بوونی ٧٠٠ قوتابخانەی گڵی لە ناوچە پەراوێزەکانی نەتەوە بندەستەکان. جێی خۆیەتی بە تێروتەسەلی باسی هەرکام لەوانە بکرێت.

# بەسیج و بەسیجی

*بەسیجی قوتابی یەکێک لەو یازدە دامەزراوە گشتییەی بەسیجە کە وەک بناغەی هێرەمی ئەرتەشی بیست میلیۆنی ناودێرکراوە.

*لە شەڕی ٨ساڵەی نێوان ئێران و عێراقدا، زیاتر لە ٥٥٠ هەزار قوتابی لەڕێگای ڕێکخراوی بەسیجەوە بۆ بەرەکانی شەڕ نێردران کە ٣٦ هەزار کەسیان کوژران، ٢٨٥٣ کەسیان کەمئەندام و زیاتر لە ٢٤٣٣ کەسیشیان لەلایەن ئەرتەشی عێراقەوە بەدیل گیران.

*کۆنوانسیۆنی نێونەتەوەیی مافی منداڵان بەتایبەتی لە ماددەی ١٩دا، ئەندامەتی کەسانی خوار تەمەن ١٨ساڵ لە دامەزراوە نیزامی و میلیشاییەکان قەدەغە دەکات.

*ئەم ڕێکخستنە لەگەڵ دامەزراوەکانی دیکەی وەک بەسیجی خوێندکاری، خۆشکان، ئیدارات، ڕووحانیوون، پزیشکان و ... بەگشتیی یەکێک لە پێنج هێزی سەرەکیی سپای پاسداران پێکدەهێنن.

*بەسیجی قوتابی پێکهاتەکەی لە بەشەکانی سەرەتایی، ناوەندیی یەکەم و ناوەندیی دووهەم داڕێژراوە.

*بەوتەی عەلی سابرماهانی، بەرپرسی ڕێکخراوی بەسیجی قوتابی؛ بەپێی دوائامارەکان زیاتر لە ٥ میلیۆن و ١٠٠ هەزار قوتابی ئەندامی ئەم ڕێکخستنەن.

*ئەو دامەزراوەیە لەلایەن عەلی خامنەییەوە پاڵپشتی بەهێزی لێ دەکرێ کە مەجید موحەممەدی لە کۆمەڵناسانی نیشتەجێی ئامریکا باس لە ٥ تایبەتمەندیی بەسیج دەکا کە سەرنجی ڕێبەری ڕێژیمی ڕاکێشاوە: یەکەم ڕەمەکی بوون، دووهەم ئەرکی دووفاقی، سێهەم نەبوونی بەرپرسیارەتی و وڵامدەری، چوارەم کەڵک لێوەرگرتنیان لە ململانێ سیاسییەکان و پێنجەم بەربڵاویی جوغرافیایی.





# ڕوو بە دەلاقەی خۆ بیننەوە!

**ئاوات ساروج**

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەگەر باسێکی پوخت و بنەوایی لە سەر گرێچن و جۆغرافیای فەرهەنگی-سیاسی ناوچەی کرماشان و ئیلام بکرێت و

ژیانی کولتووریی دانیشتوانی ئەم دیارە کە بە شێوەزاری (لەکی- لوڕی- کەلهوڕی، گۆرانی و ......) دەدوێن زانستیانە لەبەرچاو بگرین، تێدەگەین کە ئەم بەشە لە کوردستان چەندە لە بواری ئێتنیکی، زمانی و...هتدەوە لە یەکتر نزیک بن، بەڵام هەندێک خاڵی گرینگ وەک دین، شێوەزار و تەنانەت گرێچنی (بافت) خێڵەکی، عێڵی و تایفەیی هەیە کە زاڵە بە سەر بیر و هزری نەتەوەییدا و دەبێت کار و خەباتێکی بەرفراوانی بۆ بکرێت هەتا بتوانێ خۆی لە نێو بازنەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و لە ڕێڕەوی ئازادیی نیشمانەکەماندا پێناسە بکاتەوە!

زۆربەی دانیشتوانی باشووری زاگرۆس سەر بە مەزهەبی شیعەن و هەروەها بەشێکی بەرچاویش پێڕەوی ئایینی یارسانن. بۆیە بۆ سەرنج و گەیشتن بە ناخی ئەم خەڵکە، دەبێت زۆر بە وریایی باسی ئایین و باوەڕ و دین بکرێت و هەوڵ بدرێت ئەم باوەڕە ئایینیانە بە باری نەتەوەیی و نیشتمانیی و وڵاتپارێزییەوە گری بدرێت. بۆیە لەو بارەوە هەستیارییەکی بەرچاو هەیە کە هیچکات ڕەوا نیە و ناشێبت دژ بە هەستی ئایینیی ئەم ناوچە باس و خواسێک بکرێت. گرینگ ئەوەیە کە لە پاڵ هەر چەشنە باوەڕ و ئایینێکدا، چالاکانی باشووری زاگروس بۆ بەدەستهێنانی مافی خوێندن بە زمانی دایکی و

> دوژمن بە درێژایی مێژووی دەسەڵاتداریی خۆی هەوڵی لەناوبردنی ئێتنیکی کوردیی بە شێوەگەلی جوراوجور داوە و تەقەلای خۆی کردووە و تاک و کۆمەڵگەی کوردییش لەم پرۆسەی لەناوچوونەدا کەم تا فرە بەشدار بووە و ئاگاهانە یان نائاگاهانە شەریکی ئەم تاوانەیە

دامەزراندنی ئەنجومەن و ڕێکخستنی پۆلی خوێندن بە زمانی دایکی تەنانەت لە ئاستی ژمارەی کەمیش لە نێو بنەماڵەکان و ئەو شوێنانەی کە ئیمکانی هەیە، هەوڵ و توانای خۆیان بخەنە گڕ و داب و نەریت و چاند و کولتووری کوردەواری لەم بەشەی کوردستان کە میراتی ئەژدادیمان بەئەژمار دێت، بپارێزرێ و هەوڵ بۆ بەرزنرخاندن و ناساندی نرخی مێژوویی و نیشتمانیی ئەم ئێتنیکانە بدرێت.

گرینگ ئەوەیە کە؛ پێش لە ئاسمیلە بوون و داڕمان و تەنانەت نەمانی ئەم فەرهەنگە بگرین، و نەهێڵین کولتووری ئەم بەشە لە کوردستان کە لە لای تاک و تەنانەت بەشێکی بەرچاو لەم خەڵکە، کە لە نێو فەرهەنگ و داب و نەریتی فارسی و هەروەها فەرهەنگی ئیسلامی-عەرەبیدا ئاسمیلە و ون بوونە، پەراوێز بخرێت. دەبێت هەوڵ بۆ کەمڕەنگ کردنەوەی ئەم خۆ ون کردن و ئاسمیلەبوونە بدرێت و بە بێ دژایەتی یان زەق کردنەوەی ئایین، بەدوای خۆبینینەوە لە فەرهەنگی خۆیی ،داب و نەریتی کەونی کوردەواری و گەڕان بە دوای شوناسی نەتەوەییدا بین و لە سەر هەموو چین و توێژەکانی ئەم کۆمەڵگا کار بکرێت.دیارە دەبێت لە سەر چینی خوێندکار، تێگەیشتوو، زانستگەیی، ڕۆشنبیر و ئەوەی کە خۆی لە بیاڤی خوێندن و نووسیندا دەبینێتەوە و شارەزای خاڵە لاوازەکانی فەرهەنگی-نەتەوەییە زیاتر کار بکرێت و پرۆژەی خۆبینیەوەی تاک و کۆمەڵگای کوردی بخریتە بەر باس.سەرەڕای ئەم باسە کە لە چینی تایبەت و هەڵکەوتەی کۆمەڵگادا دەرەتانی چالاکی و خۆنواندن زۆرترە، دەبێت هەر لە ڕێگای ئەم چینەوە بە خولقاندنی هونەری نوێ و دەروەست، نوسین و خوێندنەوەی مێژوو و ئەدەبیاتی ئەم دەڤەرەوە پەنجە لەسەر چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بە گشتی دابنێین کە زۆرینەن و لەوانشە هەست و بیری باشی نەتەوەیی و نیشتمانییان هەبێت، بەڵام ڕێکخستنیان بۆ نەکراوە. دەبێ زیاتر هەوڵ بدرێت و بەش بە بەش و چین بە چین لە خوێندنگەوە هەتا بازاڕ و تەنانەت وەک دەنگ و ڕەنگیش بگەینە ناخی هەر بنەماڵەیەک و تەنانەت ئەگەر بکرێت، بە هەر چەشنە نووسین، خوێندن و لێکدانەوەی سادە و گشتی بۆ تێگەیشتن لە هەر چەشنە بابەتی کولتووری-سیاسی و بە بیستن و بینینی ئەم خەڵکە، بڕۆینە ناخی تێگەشتنی هەموو لایەک.

سەرەڕای ناسینی ویست و خواستی کۆمەڵگە بە گشتی و ویستی تاک لەم کۆمەڵگەیەدا و بە خوێندنەوەی ساکار و سانا لە ویست و داخوازییەکانی، هێدی هێدی بە فەرهەنگی خۆی ئاشنا بکرێتەوە، ئەو کولتوورەی کە بە بێ ئەوەی هەستی پێ کردبێت، لە دەستی چووە، یان بە زمان و هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی کە خۆماڵی بووە و ئێستا کەمڕەنگ کراوەتەوە، و سیاسەتی ئاسمیلە کردنی لە لایەن دوژمنەوە زۆر بە نەرمەبڕی و بە درێژایی ساڵانێکی زۆر، تەنانەت خەون و بیر و هزریشی داگیر کردووە و خەریکە بێشوناس و نامۆ لە هەموو تایبەتمەندییەکانی خۆی دەکرێت و لێیان دوور خراوەتەوە، وەکوو خوێندنەوە و خۆ بینینەوە لەو بەهاگەلەدا کە بەلایەوە بەنرخە و وەک هەستی پیرۆز بۆ گەڕانەوە بۆ بینی خاک، نیشتمان و کیانی کوردی، و دواجار بتوانیت هەوڵ بۆ پاراستنی بدات.دوژمن بە درێژایی مێژووی دەسەڵاتداریی خۆی هەوڵی لەناوبردنی ئێتنیکی کوردیی بە شێوەگەلی جوراوجور داوە و تەقەلای خۆی کردووە و تاک و کۆمەڵگەی کوردییش لەم پرۆسەی لەناوچوونەدا کەم تا فرە بەشدار بووە و ئاگاهانە یان نائاگاهانە شەریکی ئەم تاوانەیە، بەڵام ئەمڕۆکە ئەگەر بە شێوەگەلێکی تۆکمە و وردبینانە کە پێشتر ئاماژەی پێ کراوە، بەئاگا بێتەوە کە دەرفەتی خۆ قوتار کردن لە ئاسمیلە بوون و توانەوە لە داب و نەریتی بێگانەی هەیە، ئاسانتر دەتوانین بۆ ڕێکخستنی چین و توێژی کۆمەڵگەی کوردی لە باشووری زاگروس چالاکی بکەین و بە دەنگ و ڕەنگی جۆراوجۆرەوە دەتوانرێت جاریکی دیکە کۆمەڵگایەک خۆ ناس و خاوەن باوەڕ و بڕیار وەرێ بخرێت.لێرەدا گەڕان بەدوای نرخی کیانی کوردەواری و پێشخستنی فەرهەنگی دەوڵەمندی خۆیی و جێ کردنەوەی هەموو بەشەکانی کۆمەڵگا لە ژیان و خەباتی ڕۆژانەی تاک و کۆمەڵگا گرینگە، هەتا هەنگاو بەرەو پێشکەوتن هەڵبگرێت و هەروەها چەمکی نەتەوەیی-نیشتمانی وەک سیستمێکی دێموکراتخوازانە و نەتەوەیی و کراوە و ڕوو بە دەلاقەی خۆ بینینەوە، و بە ناخ و هەستی خۆ ناسین و شوناسی نەتەوەیی چاو بکرێتەوە.خاڵێکی دیکە، هەنگاونان بەرەو لاوازکردنی سیستمی خێڵەکی و بەرتەسک کردنەوەی بیری تایفەگەری و عێڵی کە خۆی زۆر جار کیشەساز بووە و هۆی دابڕان و لاوازیی هەستی نەتەوەیی بووە، وەک نەهێشتنی ئەم بیرۆکە لە چوارچێوەی عێڵ یان خێڵ و ڕوونوێنییەک لە گەورەیی نەتەوە، زمان، فەرهەنگ، مێژوو و کیانی کوردی بکرێت. ئەوەش وەک خوێندنەوەی گشتی و بەنرخ و دەوڵەمەند لەم چەمکانە و عێڵ و خێل و ...هتد، هەروەکوو دڵۆپێک لە دەریای نەتەوەخوازی پیشان بدرێت و هەست و بیر و هزری دۆستایەتی و ناخی نیشتمانپەروەری وەک ئەرکێکی پیرۆز و پشتئەستوور بە جۆغرافیای پان و بەرینی کوردەواری، زمانی دەوڵەمەندی کوردی و بەرفراوانیی شێوەزار و ڕەنگاوڕەنگیی و دەوڵەمندیی چاند و هونەری کوردی کە لە لایەن دوژمن و داگیرکەری وڵاتەوە پێناسە بکرێت و خوێندنەوەی مێژوویی لەسەر ئەم بابەتانە لە ناو چین و توێژی کۆمەڵگای کوردی لە باشووری زاگرۆس بکرێت و هەوڵ بدرێت تێگەییشتن لە هزری نەتەوەخوازی لە سەرەوەی هەر چەشنە باوەڕ و فکری تاکە کەسی و ....مانا بکرێت.

## دیوانێکی شێعری کوردی لە ئیلام چاپ کرا

یەکێک لە چالاکانی ئەدەبی لە پارێزگای ئیلام، لە هەوڵێکدا دەستی دایە کۆکردنەوەی شێعرەکانی "عەباسی ئارام" و بەم زووانە بڵاو دەکرێتەوە.

زاهیر سارایی بە بڵاوکردنەوەی ئەم هەواڵە لە "ئیلام ئاسوو"دا نوسیوویەتی: کتێبی دیوانی شێعرەکانی "عەلی ئەسغەر عەباسی ئارام" بە ناوی "دیوانی ئارام" لە شیکردنەوە و کۆکردنەوەی ناوبراو، پاش نزیکەی یەکساڵ و نیو، سەرئەنجام چاپ کرا و هەتا کۆتایی ئەم مانگە بڵاو دەبێتەوە.

"دیوانی ئارام" لە a٢٦٠ لاپەڕەدا لەلایەن چاپەمەنی "زانا"وە چاپ کراوە.

لەو دیوانە شێعرە کوردییەی مامۆستا عەباسی ئارام، هێندێک لە شێعرە فارسییەکانی ناوبراویش بەرچاو دەکەون.

چەند ساڵ پێش هێندێک لە شێعرە کوردییەکانی کۆچکردوو عەباسی ئارام بە هەوڵی مستەفا بەیگی بڵاو کرایەوە. بەشێکی دیکەی ئەو شێعرانە لەلایەن "سارایی"یەوە کۆکراوەتەوە کە تا ئێستا بێ کەموکوڕترین کۆکراوەی شێعرەکانی عەباسی ئارام بووە.

شاعێری سروشت خوازی کوردستان عەلی ئەسغەر عەباسی، ناسراو بە ئارام، لە مانگی خەرمانانی ٩٣ی هەتاوی لە تەمەنی ٨٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

## سەرکەوتنی دوو وەرزشوانی کرماشانی لە کێبڕکێ جیهانییەکانی کاراتە

"نەبی فەتحی" لە وتووێژ لەگەڵ هەواڵدەریی "مێهر"دا ڕایگەیاندووە کە؛ "لە کێبڕکێکانی پاڵەوانیی کاراتەی جیهان، کە بە میوانداریی شاری لینز لە وڵاتی ئۆتریش بەڕێوەچووە، تیمی کاراتەی ئێران پلەی یەکەمی ئەم کێبڕکێیانەی بۆخۆی مسۆگەر کردووە .

ناوبراو هەروەها ڕایگەیاندووە کە؛ "سەعید ئەحمەدی" وەکوو یەکێک لە وەرزشوانە بە ئەخلاقەکان ناوزەد کراوە.

ناوبراو هەروەها گوتی؛ "تیمی ئێران لەم کێبڕکێیانەدا ١٠ میداڵی زێڕ و ١٦ میداڵی زیو و ١٩ میداڵی بڕۆنزیان بەدەست هێناوە و تیمی ئەرمەنسستان و گورجستانیش دووهەم و سێهەم هاتوونەتەوە.

هەروەها لەم کێبڕکێیانەدا "نەبی فەتحی" و "ڕەشیدی" و "شۆجاع" لە لایەن کۆمیتەی بەڕێوەبردنی ئەم کێبڕکێیانەوە وەکوو باشترین داوەر هەڵبژێردراون.

لە درێژەی ڕەوتی دەسکەوتە باڵا وەرزشییەکانی وەرزشوانانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، مێرمنداڵێکی زۆرانباز لە شاری سەقز، بانگهێشتی تیمی میللی ئێران کرا.

"مۆبین عەزیمی" زۆرانبازی دەستەی ئازادی مێرمنداڵان، لە کێشی ٦٦ کیلۆدا، بە مەبەستی بەشداری کردن لە کێبڕکێکانی ڕۆژی جیهانیی منداڵان، بانگهێشتی تیمی میللی کراوە.

## مین و کەمئەندام بوون وێردی سەر زمانی هاووڵاتییانی ئیلامە

بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، لە ماوەی ٢٥ ساڵی ڕابردوودا، ٣٢٠ کەس لە پارێزگای ئیلام بە هۆی تەقینەوەی مینە بەجێماوەکان لە شەڕی ئێران و عێراق کەمئەندام بوون.

زۆربەی ئەو کەسانە کە لە کوردستان بە هۆی تەقینەوەی مینەوە تووشی کەمئەندامی دەبن، خەڵکی گوندەکان، قوتابیان و کۆڵبەرەکانن.

کەمئەندام بوونی ئەو ژمارەیە لە هاووڵاتیانی کورد بە درێژایی ٤٣٠ کیلۆمێتر سنووری هاوبەش لەگەڵ هەرێمی کوردستان و عێراقدا، ڕوویداوە.

بەڕێوەبەری بێهزیستیی پارێزگای ئیلام بە بڵاوکردنەوەی ئەم هەواڵە، ڕایگەیاند: "ساڵی ڕابردوو، ٥٧ هەزار کەسیان لە پارێزگای ئیلام بۆ پێشگرتن لە ڕووداوی تەقینەوەی مین بارهێناوە".هەروەها ناوبراو بە ئاماژە کردن بە بریندار بوونی ١٢ کەس لە ماوەی شەش مانگی ڕابردووی ئەمساڵدا گوتی؛ "پێنج هەزار هێکتار" لە زەوییە پاککراوەکان لە مین، سەر لەنوێ "پشکنینیان"پێدا دەکرێتەوە.سەرەڕای ڕاگەیاندنی پاککردنەوەی مین لە زۆربەی ناوچە سنوورییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، ماوە ماوە شایەتی تەقینەوەی مین و کەرەستە بەجێماوە جەنگییەکان دەبین، کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا گیان لەدەستدانی هاووڵاتیانی مەدەنیی لێ دەکەوێتەوە.چالاکانی مافی مرۆڤ بە بەردەوامی دووپاتی دەکەنەوە کە؛ بەرپرسایەتی تەواوی ڕووداوە مرۆییەکان بەپێی ستانداردە نێونەتەوەییەکان و تەواوی پەسند کراوە نێوخۆییەکانی ناوەندی میللی مین لە وڵات، لە ئەستۆی وەزارەتی بەرگری و ناوەندی کۆکردنەوەی مین لە ئێراندایە.

# شەهیدێک لە پێناوی گەڕاندنەوەی یەکجاریی خاکی کوردستاندا

**ئەلبۆرز ڕووئین تەن**

ئەو ساڵەی تێیداین، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ساڵێکی دژوار بەڕێ دەکات. لەوانەیە بپرسن کام ساڵی ئەو حیزبە بە دژواری تێپەڕ نەبووە، بێگومان ڕاستە ئەوەش بۆ هەست کردن بە بەرپرسیارەتی لە بەرانبەر ئەو ئەرکەی لەسەر شانی ئەو حیزبە دانراوە دەگەڕێتەوە. کاتێک خۆت لە بەرانبەر گەل و نیشتماندا بە بەرپرسیار بزانی، بێگومان دانی زۆر قوربانی و فیداکاریی پێویستە، کە مێژووی حیزب پڕە لەو قوربانیدانە. تەنانەت هێندێکجار دەڵێین هەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە دەتوانێ ئەو هەموو ئازارە بچێژێ و هەر بەردەوام سوورتر بێت لە خەباتی و هەنگاوی پتەوتر بۆ داهاتوو هەڵگرێ. نموونەی ئەو فیداکارییە شەهید بوونی ڕەسووڵ محەممەدزادە کادری بەوەجی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە لە بەرەکانی شەڕ لەگەڵ داعش کە بۆ هەمیشە ناوی خۆی لە دڵی گەل و نیشتماندا تۆمار کرد. وێڕای لەدەستدانی ڕۆڵەیەکی دیکەی قوتابخانەی دێموکرات بۆ نەتەوە و بەرژەوەندییەکانی کوردستان، شەهیدبوونی ئەو هاوڕێیە دەرخەری سیاسەتە کوردستانییەکانی ئەو حیزبەیە کە بە درێژایی مێژووی خۆی ڕەچاوی کردووە، بەڵام لەوانەیە کەمتر خوێندنەوەی بۆ کرابێ. بۆ دەرکەوتنی ئەو بابەتە سەرەتا دەبێ لە سیاسەتی حیزب لە بەرانبەر باشووری کوردستاندا ورد ببینەوە و بزانین ئەم حیزبە لە چ ئاستێکدا توانیویە پشتیوانی لە ئەزموونەکانی هەرێمی کوردستان بکات.

ئەو پشتیوانییە لە سێ قوناغی بەر لە ڕاپەرین و لە کاتی ڕاپەرین و دوای ڕاپەرینی کورد لەو بەشە لە کوردستان بەردەوام بووە، هەرجارەو بە شێوەیەک کوردستانی بوونی خۆی سەلماندووە. هەمیشە فاکتەرێک بووە بۆ لێک نزیککردنەوەی حیزب و لایەنەکانی باشوور، چوونکە دۆستایەتیی هەمووانی کردووە، ڕێزی لە دامەزراوەکانی وەکوو حکومەت و پارلمان گرتووە. هیچکات لە دژوارترین ساتەکانیشدا پەنای بۆ دوژمنی کورد لە دژی کورد نەبردووە. تەنانەت بۆ ئەو سیاسەتەش قوربانیی زۆری داوە. ئەو بنەما ئەخلاقیانەی حیزب بۆیە گرینگن و دەبێ بە هەموو شێوەیەک بە هەزاران جار بگوترێنەوە و ببن بە

> **بەسەرهاتی شەهید ڕەسووڵ کە ماموستایەکی فێرگەی حیزب بوو، بۆ پێگەیاندنی لاوانی نیشتمانپەروەر، لە چوارچێوەی قوتابخانەی دێموکراتدا باشترین وانەیە بۆ ئەوەی چۆن دەتوانین خزمەت بە نیشتمانمان بکەین و چۆن خۆمان پێبگەینن و ئەوەی بەدەستمان هێناوە چۆن لە خزمەت شۆڕشدا بەکاری بێنین**

سەرباشقەی سیاسەتی لایەنەکانی دیکەش، چوونکە بەشێک لە نەهامەتییەکانی کورد دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی سیاسەتێکی کوردستانی لەو شێوەیە. هەربۆیەش کە دەبینین حیزبێک بەو شێوەیە ڕەچاوی دەکات، دەبێ وەک خاڵی بەهێز و ئەرێنیی ئەو حیزبە چاوی لێبکرێت. کاتێک شەهید ڕەسوڵ محەممەدزادە لەگەڵ بەشی ئەندازیاریی پوچەڵکردنەوەی مین و تەقەمەنی لە بەرەی پێشەوەی ئۆپەراسیۆنێکی گرینگی وەکوو شەڕی موسڵ، لەکاتی پوچەڵکردنەوەی مین کە گرنگترین تاکتیکی داعشە بۆ شەهید کردنی پێشمەرگە، ئەرکی خۆی بۆ پاراستنی هەزاران پێشمەرگە ئەنجام دەدا و لەو ڕێگەیەدا شەهید بوو، کە زۆربەی ئێمە نەماندەزانی کە بەرپرسی فێرگەی حیزب و کادرەکانی بەشدارن لە ئەرکێکی ئاوا نیشتمانیدا. ئەگەر بە گوێرەی سیاسەتیکی تەسکی حیزبی با، ئەوا دەبوو حیزب گەورەترین پڕۆپاگەندەی بە کارێکی لەمشێوە کردبا، بەڵام گەڕانەوە بۆ بنەما نیشتمانییەکان وایان کرد کە تا کاتی شەهید بوونی ئەو کادرە بەوەجە ئێمە ئاگاداری ئەو ئەرکە نەبین. واتە حیزب تەنیا بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی نیشتمانیی کورد و کوردستان ئەو ئەرکەی بەڕێوە بردووە. لەلایەکی دیکەوە، شەهید بوون لە پێناو خاک و نیشتماندا لە قوتابخانەی دێموکرات سنوور ناناسێت و لە هەر شوێنێک کە پێویستی بە حیزب و ڕۆڵەکانی هەبێت، بێ چاوەڕوانی لە دەسکەوتێکی حیزبی یا کاتی، حیزب ئامادەیە ئەو ئەرکەی کە دەکەوێتە سەرشانی بە باشی بەڕێوەی ببات، جا ئەو ئەرکە بەرگریکردن لە خۆ بێت لە بەرانبەر هێزی دژە مرۆیی و تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی یا داعش کە لە ناوەڕۆکی سیاسەتەکانیدا ڕوویەکی دیکەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە لە ناوچەکەدا.

لە ڕوانگەی سیاسەتەکانی حیزبەوە، کردەوەی لەمشێوە بۆ هەرچوار پارچەی کوردستان نەگۆڕە و لە هەموو دەرفەتێکدا بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی نەتەوەی کورد بە هەر شێوەیەکی لواو ئامادەیە هەنگاو بنێ. لە کاتی هەڵبژاردنەکان لە تورکیە بە ڕاشکاوی پشتیوانیی خۆی لە HDP ڕادەگەیەنێ، لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا داوای یەکیەتی و یەکڕیزیی نەتەوەیی لە ڕۆژئاوای کوردستان دەکات و بەگشتی حیزبی دێموکرات نەك بە ڕاگەیاندن و گوتار، بەڵکوو بە کردەوە و بە ڕژانی خوێنی ڕۆڵەکانی ئەو ڕاستییەی سەلماندووە کە ئەم سیاسەتە سیاسەتێکی پاقژی نەتەوەییە و دەتوانێ نموونەیەکی باش بێ بۆ پێڕەو کردنی.

ڕەهەندیکی دیکەی ئەو سیاسەتە دەگەڕێتەوە بۆ تێزی پشتیوانیی کورد لە بەرانبەر دەوڵەتی داگیرکەر یا دوژمنی کورد کە شایانی هەڵوێستە لەسەر کردنە. واتە هەموو کاتێک حیزب پشتیوانی دەکات لە کورد لە بەرانبەر دەوڵەت یا دوژمنی کورد، تەنانەت ئەگەر دژی بەرژەوەندیی حیزب بێت، بەڵام ڕەچاو نەکردنی بەرژەوەندیی حیزبی بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەیی وا دەکات نەتوانێ لە هێڵە سەرەکییەکەی، واتا بەرژەوەندیی نەتەوەیی لابدات. ئەگەر بێتو ئەو ڕەهەندە وەکوو بەشێک لە سیاسەتی هەموو لایەنەکان بچەسپێت و کاری بۆ بکرێت، بێگومان کاریگەریی لەسەر خێراتر بوونی گەیشتن بە ئامانجەکانی نەتەوە زۆرتر دەبێ. لە کۆتاییدا بەسەرهاتی شەهید ڕەسووڵ کە ماموستایەکی فێرگەی حیزب بوو، بۆ پێگەیاندنی لاوانی نیشتمانپەروەر، لە چوارچێوەی قوتابخانەی دێموکراتدا باشترین وانەیە بۆ ئەوەی چۆن دەتوانین خزمەت بە نیشتمانمان بکەین و چۆن خۆمان پێبگەینن و ئەوەی بەدەستمان هێناوە چۆن لە خزمەت شۆ ڕ شد ا بە کا ر ی بێنین.



ڕۆڵەیەکی نیشتمان لە سەرەتای لاویەتی دا د ە بێتە پێشمەرگەی حیز ب ، پلە کا نی پێشمەرگایەتی و کادری سەرکەوتووانە تێپەڕ دەکات و دواتر لە زانکۆدا ئاستی وشیاری و زانستی لە بەشی مێژوودا بەرز دەکاتەوە و بڕوانامە وەردەگرێ و دیسان دەگەڕێتەوە ڕیزی حیزب و خەبات و هەموو ئەو ئەزموون و زانستەی بەدەستی هێناوە دەیخاتە خزمەت نەتەوە و حیزبەکەی و لە فێرگەدا دەبێتە ماموستایەکی لێوەشاوە و وانەی خۆڕاگری بە قوتابیانی دەڵێتەوە. بە هۆی لێهاتویی لە بەشێکی هەستیاری شەڕ واتە پووچەڵ کردنەوەی مین، لە ئۆپەراسیۆنی دیاری کردنی یەکجاریی سنووری کوردستان، پێشمەرگە دەپارێزێ و گیانی دەکاتە قوربانی بۆ کورد و کوردستان. هەر بۆیە ئەو بەسەرهاتە بە ڕەنگدانەوەیەکی دیکەی سیاسەتی نەتەوەیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەئەژمار دێت.

## دوکتور سلێمان گیانی پێشکەشی کوردستان کرد



دوکتور سلێمان سەعید چوروکایە پسپۆڕی پوچەڵکردنەوەی مین و تەقەمەنی بە هۆی سەختیی برینەکەی تێکەڵ بە کاروانی شەهیدانی کوردستان بوو.

دوکتور سلێمان سەعید چوروکایە، پسپۆڕی پووچەڵکردنەوەی تەقەمەنی بەهۆی سەختی برینەکەی لە نەخۆشخانەیەکی وڵاتی ئاڵمان شەهیدبوو.

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٩ی خەزەڵوەری ١٣٩٥ی هەتاوی، دوکتور سلێمان سەعید چوروکایە، لە کاتی پووچەڵکردنەوەی بۆمبێکی چێندراوی گرووپی تێرۆریستیی داعشدا، لە نێو توونێلێکدا لەگەڵ ژمارەیەك لە هاوڕێیانی پێشمەرگە، لە گوندی تیسخراپی گەورەی مێحوەری باشیک بریندار بوو و بەهۆی سەختی برینەکەیەوە لە نەخۆشخانەیەکی وڵاتی ئاڵمان شەهید بوو.

دوکتور سلێمان کە خەڵکی باکووری کوردستانە، لەم ساڵانەی دواییدا لە وڵاتی ئاڵمان دەژیا و لە دەستپێکی شەڕی داعشەوە پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە کرد. شەهید سلێمان لە زۆربەی مێحوەکانی جەنگی دژ بە داعشدا زۆرترین ڕۆڵی گێڕاوە و لە پووچەڵکردنەوەی مین و تی ئێن تی و بۆمبە چێندراوەکانی داعشدا ڕۆڵی چالاکی هەبووە.لە سەنگەرەکانی شەڕدا، دوکتور سلێمان وەک پسپۆڕێکی پووچەڵکردنەوەی مین و تەقەمەنی کاری دەکرد. هەواڵی شەهیدبوونی دوکتور سلێمان چەند ڕۆژ پێش ئێستا لە ڕاگەیاندنە ناوچەیی و هەرێمییەکان بڵاو بووە، بەڵام دواتر ئەو هەواڵە ڕەت کرایەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە شەهیدبوونی دوکتور سلێمان وێڕای دەربڕینی خەم و پەژارە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی ناوبراو دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## بەشداریی شاندی حیزب لە سمیناری پارتی یەکێتی دێموکراتی کورد - سووریە لە وڵاتی هۆڵەند

شاندێکی حیزبی دێموکرات بەشداریی لە سێمیناری پارتی یەکیەتیی دێموکراتی کورد – سووریە، لە وڵاتی هۆڵەند کرد.

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٩ی خەزەڵوەری ١٣٩٥ی هەتاوی، لە لایەن پارتی یەکیەتیی دێموکراتی کورد - سووریە لقی هۆڵەند، بە بۆنەی شەشەمین ساڵوەگەڕی کۆچی دوایی سەرۆکی (PYDK-S) زیندەیاد "ئیسماعیل عومەر"، لە شاری ئارنهێمی وڵاتی هۆڵەند سێمینارێک بە بەشداریی نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و خەڵکێکی بەرچاو لە کوردانی دانیشتووی هۆڵەند بەڕێوە چوو.

سێمینارەکە بە بەشداریی ئەندامی دەفتەری سیاسیی پارتی یەکیەتی دێموکراتی کورد - سووریە سەلاح عەلەمداری بەڕێوە چوو.

ناوبراو وێڕای باسێک لەسەر ژیانی کۆچکردوو، لێکدانەوەیەکی سیاسیی لە هەمبەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەتایبەتی هەر چوار بەشی کوردستان پێشکەش بە ئامادەبووان کرد، لە بەشی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا ئاماژەی بە جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی دەرهەق بە گەلی کورد کرد و ڕاسانی وەک خەبات بۆ وەدیهێنانی مافی نەتەوایەتی بە پیرۆز زانینی و پشتیوانیی خۆی و حیزبەکەی لەو خەباتە دەربڕی.

لەو سێمینارەدا لەسەر بانگهێشتنی فەرمی، هەیئەتێکی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی حەسەن مەجیدی بەرپرسی گشتیی کۆمیتە، بەشداری ڕێوڕەسمەکە بوون و وێڕای دەربڕینی هاودەردی بە بۆنەی شەشەمین ساڵوەگەڕی کۆچی دوایی ئیسماعیل عومەر، سپاسی هەڵوێستی ناوبراویان بۆ پشتیوانی لە ڕاسان و گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات کرد.



# ئارەش سالح: ئەگەرچی ترامپ کۆماریخوازە، بەڵام بە نیسبەت سیاسەتی دەرەوەی، زۆرتر لە سەرۆک ئۆباما دەچێ

**دیمانە: سەلیم زەنجیری**

**سێ ڕۆژی دیکە، واتە ٨ ی نوامبری ٢٠١٦ی زایینی، ٥٨ ـەمین خولی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریی بەهێزترین وڵاتی دونیا، واتە ئامریکا بەڕێوە دەچێت و چارەنووسی هەر یەک لە هیلاری کلینتۆنی دێموکرات و دۆناڵد ترامپی کۆماریخواز لەم کێبڕکێییەدا بۆ سەرۆککۆماری یەکلا دەبێتەوە. لەم پێوەندییەدا، ئارەش سالح، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئامریکا وەڵامی چەند پرسیارێکی کوردستان لە سەر سیاسەت و ستراتیژی هەر یەک لە بەربژێرەکان بۆ ئامریکا و دەرەوەی ئامریکا لە ئەگەری سەرکەوتنیاندا دەداتەوە کە سەرنجتانی بۆ ڕادەکێشین:**

**پ: چەند ڕۆژێکی کەم ماوەتەوە بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریی ئامریکا، چانسی سەرکەوتنی کام یەک لەو دوو بەربژێرە بە ئاماژەدان بە ستراتیژیان بۆ سیاسەتی نێوخۆ و دەرەوە زیاترە ؟**

**و:** پێش لە هەر شتێک پێویستە بڵێم کە هێشتا یەک هەفتەی ماوە تا هەڵبژاردن و لە ڕاستیدا لەو یەک هەفتەدا زۆر شت دەگۆڕدرێت، بۆیە وەڵامی دروستی ئەم پرسیارەی ئێوە تەنیا لە ڕۆژی هەڵبژاردن دیار دەکەوێت. بەڵام ئەگەر بمانەوێ ئەمڕۆی پانتاییەکە ببینین، پێویستە بڵێم کە لە دوایین ڕاپرسییەکان هیلاری کلینتۆن بە ڕێژەی چوار لەسەد لە ترامپ لەپێشترە. بەڵام ئەم ڕاپرسیانە هەموو ئامریکا دەگرێتە بەر، کەچی هەڵبژاردنی سەرکۆمار لە ئەمریکا بەشێوەی ئێلێکتوراڵە. واتە خەڵکی هەر ویلایەتێک بەپێی ڕێژەی دانیشتوانی چەند نوێنەر هەڵدەبژێرن و ئەو نوێنەرانە لە شوێنێک یان شێوە پارلەمانێک کە پێی دەڵێن ئێلێکتوراڵ کالێج، سەرکۆمار هەڵدەبژێرن. بۆیە گرینگتر لە ڕاپرسییە سەرانسەرییەکان، ویلایەتە جۆربەجۆرەکانن.

دیارە بەشێکی زۆری ویلایەتەکان بە شێوەی نەریتی لایەنگری هەرکام لەم پارتانەن، بەڵام چەند ویلایەتی زۆر گرینگ هەن کە لە هەر خولێکی هەڵبژاردندا بڕیاریان جیاوازە. بەپێی ڕاپرسییەکان، ترامپ پێویستی بەوە هەیە کە تەواوی ئەو ویلایەتانە بباتەوە. چوونکە ئەو ویلایەتانەی کە بڕیاریان داوە دەنگ بە ترامپ بدەن، نوێنەرەکانیان ناگاتە ڕادەی پێویست. بۆیە ئەو ویلایەتانەی کە هێشتا بڕیاریان نەداوە هەموویان بۆ ترامپ گرینگن. بەڵام هیلاری کلینتۆن تەنیا ئەگەر بتوانێت یەک یا دوو لەو ویلایەتانە بەدەست بێنێت، دەیباتەوە. ئەوانەش بریتین لە چوار یا پێنج ویلایەتێک وەکوو ئوهایۆ، پێنسیلڤانیا و چەند ویلایەتی تر. بۆیە بەپێی ئەو شیامانانەی کە تا ئێستا دەردەکەوێت، شانسی بردنەوەی هیلاری لە ترامپ زیاترە.

بەڵام هەر بەم حاڵەشەوە ناکرێت بە شێوەی قەتعی ئەو حوکمە بدرێت، چوونکە پانتایی هەڵبژاردن لە ئامریکا بە شێوەیەکە کە بڵاوبوونەوەی هەواڵێک یان ڕووادنی ڕووداوێک لە دوو ڕۆژی کۆتایی هەڵبژاردنەکاندا دەتوانێت بە تەواوی ئاراستەی دەنگەکان بگۆڕێت و زۆرێک لەو کەسانەی کە دوودڵن بەرەو لای لەیەنەکەی تر خۆیان یەکلایی بکەنەوە.

بە نیسبەت سیاسەتی دەرەوە و نێوخۆ پێویستە بوترێت کە مەسەلەی زۆر گرینگ ئەمەیە، ئەوەی کە پاڵێوراوەکان ئێستا چی دەڵێن و باسی لێوە دەکەن، لەبەر چەند هۆکار هەمان شت نیە کە لە سەردەمی سەرکۆمارییاندا پراکتیزەی دەکەن. یەکەم ئەوەیە کە؛ پاڵێوراوەکان بۆ ئەوەی بنەما کۆمەڵایەتییەکەیان لەدەست نەدەن ئەوا هەموو ڕاستییەکانی بەرنامە گرینگەکانیان نادرکێنن. دووهەم هۆکار ئەوەیە کە؛ ناوەندی کاریگەر لەسەر دانانی سیاسەتەکان لە ئامریکا زۆرترن لە سەرکۆمار و کۆشکی سپی. وەکوو: کۆنگرە، تینک تەنکەکان، گرووپە لابیەکان، و گرووپەکانی گوشار دەستیان هەیە لە پێکهێنانی سیاسەت لە ئامریکادا. بەڵام بەگشتی ئەگەر بمانەوێ لەسەر سیاسەتی دەرەوە و نێوخۆ ڕێچکەی هزری و فەلسەفیی هەرکام لەم دوو پاڵێوراوە لێک بدەینەوە، دەبێ بڵێم کە چەند کێشەی سەرەکی لە سیاسەتی نێوخۆ و دەرەوەدا هەن کە هەڵوێستی هەرکام لەم دوو پاڵێوراوە بە نیسبەت ئەو کێشانە ئاراستەی هزری و کردەوەیی ئەو پاڵێوراوانە ڕوون دەکاتەوە.

بە گشتی ترامپ بە نیسبەت ئەو کێشانەوە ئاراستەیەکی موحافیزەکارانەی هەیە. بۆ وێنە لەسەر کێشەی پەنابەران و سنوورەکان باوەڕی بە داخستنی زیاترە و بە نیسبەت ئابوورییەوە پێی وایە ئەگەر باج کەم بکرێتەوە و دەوڵەمەندەکان ڕێگەیان پێ بدرێت کە پارەی زیاتر کۆ بکەنەوە، ئەوا ئەوانیش زیاتر پارەکەیان لە پرۆژەکانی بەرهەمهێناندا دەخەنە گەڕ و هەلی کاریی زیاتر دەڕەخسێت. بەڵام هیلاری باوەڕی بە کردنەوەی زیاتری سنوورەکان و وەرگرتنی زیاتری پەنابەرانە و پێی وایە پێویستە باجی زیاتر لە دەوڵەمەندەکان بستێندرێت بۆ ئەوەی دەوڵەت بتوانێت هەندێک بەرنامەی کۆمەڵایەتی زیاتر بۆ چینی مامناوەند و لاواز بەڕێوە ببات، کە ئەوانیش بتوانن دەستیان بگات بە پەروەردە و بێهداشتی باشتر. بە نیسبەت سیاسەتی دەرەوەش دیارە ترامپ باوەڕی بەوە هەیە کە ئامریکا نابێت ببێت بە پۆلیسی دنیا و پێی وایە ئامریکا دەبێت لە کێشە جیهانییەکان بکشێتەوە و هاوپەیمانەکانی و دۆستەکانی ناچار بکات کە ئەوانیش سەرمایەگوزاری زیاتر لە بەشی ئاسایشی خۆیان و ناوچەکانیان بکەن. هیلاری کلینتۆن بەڵام بە پێچەوانە پێی وایە کە ئامریکا پێویستە کە ئاگای زیاتری لە ئاسایشی هاوپەیمانەکان و دۆستەکانی بێت و هەوڵ بدات کە دێموکراسی لە دنیادا بەرەو پێش بچێت. بە نیسبەت سیاسەتی دەرەوە ئەگەرچی ترامپ کۆماریخوازە، بەڵام زۆر شتی لە سەرۆک ئۆباماوە نزیکترە.



**پ: ئۆباما لە دوو دەورە لە سەرکۆماریی خۆیدا تا ڕادەیەکی زۆر ئەو ڕۆڵەی لە ئامریکا ئەستاند و پرستیژی بردە ژێر پرسیارەوە، پێت وانیە کە ئەمە ببێتە هۆکار کە خەڵکی ئامریکا ئەمجارە دەنگ بە نوێنەری کۆماریخوازەکان بدەن؟**

**و:** ئەوەی کە ئایا سەرۆک ئۆباما پرستیژ و هەیبەتی ئامریکای بردە ژێر پرسیارەوە، زیاتر تێگەیشتنی خەڵکی دەرەوەی ئامریکا وەکوو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. خەڵکی ئاسایی لە ئامریکا بەم ڕوانگەیەوە چاو لە کێشەکە ناکەن. بۆ خەڵکی ئاسایی زیاتر ئەوە گرینگە کە ئامریکا کەمتر سەرچاوەکانی خۆی بۆ شوێنەکانی دیکە تەرخان بکات و زیاتر بۆ نێوخۆ بەکاریان بهێنێت کە لەم بارەوە کێشەیان لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەی سەرۆک ئۆباما نەبووە. ئەو کەسانە کێشەیان هەیە کە پێیان دەڵێن "ئێستابلیشمێنت" یان ئەو کەسانەی کە بۆ ماوەیەکی زۆر سیاسەت پیشەیانە و بڕبڕەی پشتی سیاسەت بوونە. لە لایەکی تریشەوە ڕاستە لەوانەیە خەڵکی ئامریکا حەز لە گۆڕانکاری لە زۆر شتدا بکەن، بۆیە پێیان باش بێت کە کۆماریخوازەکان بێنە سەر دەسەڵات. بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئەمڕۆ بەشێکی بەرچاو لە کۆماریخوازەکانیش لەگەڵ ترامپ کێشەیان هەیە و لەگەڵی هاوڕا نین، بەڵکوو بە پێچەوانەوە دەنگۆی ئەوە هەیە کە کەسانی وەکوو بنەماڵەی بووش پشتی هیلاری کلینتۆن دەگرن.

**پ: کام یەک لەو دوو پاڵێوراوە دەتوانێ بۆ کورد باشتر بێ و کوردستان لە بەرنامە و ستراتیژیی ئەودا خاوەن پێگە و گرینگییەکی تایبەتە؟**

**و:** با ئێمە وەکوو کوردی ڕۆژهەڵات فێڵ لە خۆمان نەکەین و بەهەڵە تێنەگەین؛ ئەوەی کە ئەوان باسی کورد دەکەن مەبەستیان زیاتر هەرێمی کوردستانی باشوورە. هەردوو پاڵێوراوەکە پێیان وایە پێویستە پشتی هەرێمی باشووری کوردستان بگرن و هەلی زیاتری بۆ بڕەخسێنن بۆ داهاتوو. ئەوەی ڕاستی بێت هەرکام لەم دوو کەسە بیباتەوە، ڕەوش بۆ حکوومەتی هەرێم زۆر باشتر دەبێت. نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێم لێرە تا ئێستا سەرکەوتوو بووە لە ڕاکێشانی سەرنجی هەردوو لایەن بۆ سەر گرینگیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی باشوور. بەڵام بە نیسبەت کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە پێویستە بڵێم کە لە ڕۆژئاوا بە گشتی و لە ئامریکا بە تایبەتی هێشتا حیسابێکی جیا لە ئێران بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات نەکراوەتەوە، واتە ڕوانگەی ئەوان بە نیسبەت کوردستانی ڕۆژهەڵات بە گشتی لە سیاسەتی ئەوان بە نیسبەت ئێرانەوە سەرچاوە دەگرێت و بەشێکە لەو.

**پ: باشە لەم پێوەندییەدا، واتە بە نیسبەت ڕێژیمی ئێرانەوە هەر یەک لە پاڵێوراوان چ ئاڵوگۆڕێک لە ستراتێژیی ئامریکادا پێک دێنن؟**

**و:** هێشتا زووە ئەم مەسەلەیە بە گشتی باس بکرێت. بەپێی ئەو زانیاریانە کە لێرە و لە هەندێ چاوپێکەوتن لە گەڵ تینک‌تانکەکاندا دەردەکەون، ئێستا هەموولایەنەکان، تینک‌تانکەکان و لابیەکانی دژبەر و تەنانەت لایەنگری ئێرانیش، خەریکن هەوڵ دەدەن ڕێگایەک بدۆزنەوە کە کاریگەرییان هەبێت لەسەر سیاسەتی دەوڵەتی داهاتوو لەسەر ئێران.ترامپ بە نیسبەت ئێرانەوە چەند پەیامی دژبەری هەیە. یەکەمیان ئەوەیە کە ئەو دژی ڕێککەوتنە ناوکیەکەیە، بەڵام هاوکاتیش دەڵێت کە ئەو دەتوانێت ڕێککەوتنێکی باشتر دەستبخات. واتە ئەو دژی ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران نیە، بەڵکوو دژی ئەو ڕێککەوتنەیە کە سەرۆک ئۆباما کردوویەتی. هەروەها ترامپ بەردەوام وتوویەتی کە ئێران زۆر باشە لە شەڕی دژە تیرۆردا و بە باشی لەو بارەیەوە ناوی ئێرانی هێناوە.بەڵام لەملاوە هیلاری کلینتۆن هەتا ئێستا شتێکی پیشان نەداوە کە دەرخەری سیاسەتی ئەو بێت بە نیسبەت ئێرانەوە. دیارە خاتوو کلینتۆن کێشەی زۆری لەگەڵ حیزبوڵڵای لوبنان هەیە و لە بەرنامەیدایە ڕووبەڕووی ببێتەوە. هەروەها لەگەڵ عەرەبستان پێوەندییەکی باشی هەیە. هەروەها هیلاری لە دۆخی یەمەندا زیاتر لەم دەوڵەتەی ئێستا، پشتگیریی عەرەبستان دەکات. هاوکاتیش لە دۆخی سووریەدا ئەو لەم ئیدارەیە توندترە و هەوڵ دەدات هەندێک شتی جیددی بکات کە لە بەرژەوەندیی ئێراندا نابن. هیلاری کلینتۆن کە باسی ڕێککەوتنەکە دەکات وێڕای پشتگیری تەواو لەو ڕێکەوتنەکە، باس لەوە دەکات کە؛ ئەو ڕێککەوتنە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ ئەوەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئێران ئاسانتر بکات، چوونکە پێشی بەوە گرتووە کە ئێران بگات بە چەکی ناوکی کە ئەگەر بێت و وای لێ بێت، پێویستە ئێران وەکوو هێزێک قبووڵ بکرێت و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵی تەواو دژوار دەبێت. لە هەندێک وتار کە لە سەردەمی سەرۆک ئۆبامادا بڵاو دەبوونەوە، باس لەوە دەکرا کە هیلاری ئەو کاتە لە دژی ئەو ڕێککەوتنە بووە و هیچکات هیچ ڕۆڵێکی لەو ڕێککەوتنەدا نەبووە. هەردوو پاڵێوراوەکە بە گشتی نیگەرانیی خۆیان بە نیسبەت بارودۆخی ئێران و دەستێوەردانی ئێران لە ناوچەکە نیشان داوە. بۆیە ئێران جێی نیگەرانی هەموو لایەنەکانە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا.

**پ: ئێستا کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ژێر ناوی "ڕاسان"دا قۆناغێکی نوێ لە خەبات ئەزموون دەکات، چۆن دەتوانرێت سەرنج و پشتگیریی وڵاتە زلهێزەکان و یەک لەوان ئامریکا بۆ لای خۆی ڕابکێشێت؟**

**و:** ڕاسان دەنگدانەوەی زۆر باشی لە میدیاکانی ئامریکادا هەبووە. لە میدیا سەرەکییەکان وەکوو سی ئێن ئێن و ئاسۆشەیتێد پرێس و نیویۆرک تایمز و شوێنەکانی تر باسی لەسەر کراوە. لەم ماوەیەدا تینک‌تانک و لایەنەکان زۆر جار پێوەندییان گرتووە و ویستوویانە زانیارییان پێ بدەین و لەسەر ڕاسان باسیان بۆ بکەین. زۆر جێی سەرسووڕمان بووە بۆیان، بۆیە هێشتا بە پارێزەوە دەیانەوێ لەگەڵ مەسەلەکە ڕووبەڕوو ببنەوە. تا ئێستا لە چەند کۆبوونەوەی داخراو لە نێو گرینگترین تینک‌تانکەکانی ئامریکا باسی ڕاسانمان کردووە و سەرنجی ئەوانمان بۆ ئەو مەسەلەیە ڕاکێشاوە. هەموو دونیا دەیەوێت بزانێت کە ئایا ئەمە ڕەوەندێکە کە بەردەوام دەبێت و دەتوانن لەسەری حیساب بکەن یان نا؟ ئێمە بە بەردەوامی باسی ئەوەمان کردوە کە ئێرادەی ڕێبەرایەتی و پێشمەرگەی حیزب لەسەر ئەم مەسەلەیە بە تەواوەتی لە پشتی ڕاسان و درێژەدانیەتی و هیچ هێزێک نیە کە بتوانێت پێش بە ڕاسانی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بگرێت.

بەڵام بۆ ئەوەی بتوانین سەرنجی دنیا بۆ ڕاسان ڕابکێشین پێویستە پیشان بدەین کە یەکەم، ئێمە بەردەوام دەبین. دووهەم، ڕاسان توانای ئەوەی هەیە کە کارکردە سەرەکییەکانی دەوڵەتی ئێران لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا تووشی کێشەی سەرەکی بکات. پێویستە ڕاسان ئەوەندە بەهێز بێت کە بتوانێت ببێتە کێشەیەکی زۆر گەورە بۆ ئێران و هەموو دونیا ئێران بەو کێشەوە بناسن. هەروەها پێویستە نەتەوەکانی تر بە تایبەت ئازەرییەکان بێنە مەیدان.

پێویستە هەوڵ بدرێت هەم لەگەڵ ئەوان پێوەندی باشتر بکرێت و هەم یارمەتییان بدرێت کە جووڵانەوەی چەکداریی خۆیانیان هەبێت. هەروەها پێویستە عەرەبەکان و بەلووچەکان تێکەڵ بکرێن و هاوکارییان بکرێت کە بە شەڕی چەکداری کێشەی زۆر جیدی بۆ کارکردە سەرەتاییەکانی دەوڵەت لە ناوچە نەوتاوییەکانی باشوور بێننەوە. لە دوو حاڵەتدا کۆمەڵگای جیهانی باوەڕ بەوە دەهێنێت کە دۆخی مەوجوود یان باری هەنووکەیی گۆڕاوە و لێکترازاوە، ئەویش ئەو دوو حاڵەتەن: یەکەم، کورد لە نێو خاکی کوردستان شوێنێکی بەرچاوی بەدەستەوە بێت. دووهەم، ڕاسان بگوازرێتەوە بۆ نێو نەتەوە زوڵم لێکراوەکانی دیکەی ئێران.

# دیدار لەگەڵ شەریف فەلاح، نووسەر و چالاکی فەرهەنگی

## سازدانی: ژووری ڕۆژەڤ لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تێلێگرام

### بەشی سێهەم:

**ڕۆژەڤ: کێشەی کورد، خوێندنی زمانی کوردییە یان خوێندن بە زمانی زگماکی؟ پێتان وا نییە حکوومەت دەیهەوێ کێشەی ئێمە لەبارەی زمانەوە لە خوێندن بە زمانی دایکی بە خوێندنی زمانی کوردی دابەزێنێت و بەرتەسکی بکاتەوە؟ ئەگەر وەک ئێوەش باستان کرد لە ئاستی یاسای بنەڕەتیدا ئەو مافە سەرەکییە پێشێل کراوە، ئێوە چۆنی پێناسە دەکەن؟**

**شەریف فەلاح :** بەڵێ وایە منیش لەو باوەڕەدام جیاوازیی خوێندن بە زمانی دایکی واتە ماف، بەڵام خوێندن بە زمانی کوردی ڕووکەشیانە و بەرتەسککردنی مافی ڕەوای زمانی و فەرهەنگییە، ئەمە ئەو پێناسە هەڵدەگرێ کە کۆماری ئیسلامی خۆی بە ئێمە دەڵێ (اقوام) هەروەها بە زمانەکەشمان دەڵێت (زبانهای محلی)، ئەو دەیەوێ بڵێ، ئێوە خاوەنی مافی ڕەوای فەرهەنگی و زمانی نین و من خێرتان پێ دەکەم و ئێوە خاوەنی ئەو مافە نین و ئەوە سەخاوەت و دەست ئاوەڵایی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتە بەربڵاوەکانییەتی کە بە شێوەی خێر و خێرات بە نەتەوەکانی دیکەی دەکات، دەیهەوێ ئەو سیاسەت و ئایدۆلۆژیایە جێ بخات کە ئێوە بۆ ئەوەی وردە فەرهەنگەکەتان لەناو نەچێ و نەتوێتەوە ئێمە لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیای خۆماندا ئەم خێرەتان پێ دەکەین، کە ناوی دەنێتە (خوێندن بە زمانی کوردی) ئەو واتایە دەگەیەنێت کە خوێندن بە زمانی کوردی تەنیا ڕێنووس و ڕێزمانەکەی بە زمانی کوردییە، دەنا ناوەڕۆک و ئایدۆلۆژیاکەی هەمان ئایدۆلۆژیا و ناوەڕۆکی مێژوو و پاشخانی کۆماری ئیسلامی و نەتەوەی باڵادەستی فارسە کە ٢٥٠٠ ساڵە نەتەوەکانی دیکەی ئێران دەچەوسێننەوە، دەنا خوێندن بە زمانی دایکی مافی سروشتی هەموو نەتەوەیەکە، کە دەبێ ئەو پێناسەیە لە نە قڵیە تی بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامیدا جێگیر بکرێت و دەبێ چالاکوانی کورد و ڕۆشنبیران و مامۆستایانی زمانی کوردی کە ئێستا خاوەنداریێتیی فەرهەنگی کوردی دەکەن و دەیانەوێ بناغەی زمانی کوردی و زمانی دایکی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا دابڕێژن، ئەم پێناسەیە بەسەر کۆماری ئیسلامیدا بسەپێنن کە ئێمە خاوەنی مافی بنەڕەتیی خۆمانین، واتە دەبێت زمانی دایکی بخوێنین، نەک خوێندن بە زمانی کوردی کە ڕووکەشیانە بێت و تەنیا بە شێوازێکی وەکوو سەردەمی حکوومەتی (سەدام حوسێن) کە بە ڕواڵەت لە کتێبێکدا زمانی کوردی دەخوێندرا و بەناو مافی فەرهەنگی درابوو، بەڵام تەنیا ڕێنووس و ڕێزمانەکەی کوردی بوو، چوونکە ناواخنەکەی هەمووی پێداهەڵدان بە نەتەوەی عەرەب و سەدام حوسێن و حیزبی بەعس و ئایدۆلۆژیا و مێژووی عەرەبی بووە. من پێم وایە نیەت و پرۆژەی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ زمانی کوردی بەدەر نییە لەو نیەتەی کە خۆی دەیەوێ، بەڵام لە نییەتی چالاکوانانی کورد لەو پرۆژەیەدا هیچ گومانێک نییە کە نیەتێکی خێرە و دڵسۆزانەیە و هەنگاوەکانیان جوانە، لەو باوەڕەدام ئەگەر هەوڵەکانی چالاکوانی فەرهەنگی و زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵات لە دەرەوەی پرۆژەی کۆماری ئیسلامی بێت، ئامانجەکانی خۆی دەپێکێت.

**ڕۆژەڤ: سیاسەتی شۆڤێنیزمی ئێرانی لە سەردەمی ڕەزا شادا بە سەرکوتی خوێناویی نەتەوە و شوناسە جیاوازەکانی تر دەستی پێکرد، بە هاتنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش درێژە درا بەو ڕێبازە خوێناوییە، بەڵام هەرچی پیلانی ڕەش و سیاسەتی زەبر و زەنگە نەیانتوانی زمانی کوردی بسڕنەوە، بۆچی دەبێت لە ئێراندا زمانی فارسی کە وەک بەشێک لە زاراوەی عەرەبی ناوی دەبەن، گرنگی و بەهای پێ بدرێت و زمانی کوردی بەو هەموو دەوڵەمەندییەوە پەراوێز بخرێت و هەوڵی لەنێو چوونی بدرێ، ترسە گەورەکەی ئەوان لە چییە؟**

**شەریف فەلاح :** ئەوە پرسێکی مێژوویییە و پەیوەندیی بەوەوە نییە کە زمانی کوردی دەوڵەمەندە، یا زمانی فارسی لاوازە، بەڵکوو پەیوەندیی بە دەسەڵاتی سیاسی و کیانەوە هەیە، پەیوەندی بە دەوڵەت - نەتەوەوە هەیە، هەرچەند فارس خاوەنی دەوڵەت بووە و خاوەنی حکوومەت چوارچێوەی دەسەڵاتداری هەیە، بەڵام من پێم وانییە کە خاوەنی تایبەتمەندیی نەتەوەیی بێت بەو پێوەرانەی کە نەتەوەکانی دیکە هەیانە، بەڵام زۆرن ئەو نەتەوانەی کە لە دنیادا خاوەنی حکوومەتن و زمانی گەل و نەتەوەی دیکەیان کردووەتەوە زمانی فەرمیی وڵات، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دەوڵەت و چوارچێوەی دەسەڵات و حکوومەت چەندە کاریگەریی لە دروستکردنی زماندا هەیە، ئێستا ئەگەر بێتو ئەو زمانە تەنیا زاراوەیەک، یان بن زاراوەیەکیش بێت، ئێستا زمانی فارسی خۆ لەڕووی سینتاکس و فۆرمۆلۆژی و ئاستەکانی زمانناسییەوە خاوەنی هەموو ئەو تایبەتمەندییانە نییە، هەم لە ڕێنووس هەمیش لە ڕێزماندا گەلێک کێشەی هەیە، گەلێک کەموکورتیی هەیە و بەڵگە زۆرن و ساڵانێکی زۆرە لەبەر ئاشکرا نەبوونی ئەم کێشانە ناوێرن کۆنگرەیەکی زانستی بۆ هەڵسەنگاندنی زمانی فارسی بگرن، بەڵام لە بەرانبەردا زمانی کوردی کەمتر ئەو کێشانەی هەیە. هەر وەک باسم کرد ئەوە پەیوەندی بە دەسەڵاتداری و حکوومەتەوە هەیە، بۆیە زمانێک، یان شێوەزارێک پەرە دەسێنێت، کە کیانێکی سیاسی و حکومەتێک بە هەموو تایبەتمەندییەکانییەوە لە پشتی بێت و پەرەی پێ بدات، چوونکە حکوومەت هەموو ئیمکاناتێکی دەسەڵات دەخاتە ئیختیاری نەتەوەکەی و زمانیش خۆڕسکە و خاوەنی گەلێک تایبەتمەندییە و ڕۆژانە کاری پێ دەکرێت، نەخوازەڵڵا زمانێکیش کە زمانی دەسەڵات بوو، ئەوا دەبێتە زمانی فەرمی و زمانی ڕۆشنبیری و زمانی داهێنان و خاوەنی ئەو تایبەتمەندییە کە گەشە دەکات و وشەی تازە وەردەگرێت و تایبەتمەندیی تازە وەردەگریت، زمانی فارسیش بەدەر نەبووە لەمانە و لە زمانەکانی کوردی و عەرەبییش زۆر شتی وەرگرتووە و ڕۆشنبیرانی فارسی زۆر زیرەک بوونە زۆر بەتوانا بوونە لە بە موڵکی کردنی ئەو دەستەواژە و وشانە و کردوویانەتە موڵکی زمانی فارسی، توانیویانە گەشەی پێبدەن و بەداخەوە زۆر خراپیان بەکار هێناوە، نەک بۆ خزمەت بە نەتەوەکانی دیکە و تەنانەت بۆ خۆشیان، بەڵکوو بۆ چەوساندنەوەی نەتەوەکانی دیکە بەکاریان هێناوە، بێگومان ئەوە تایبەتمەندیی زمانی کوردیە کە لە بەرانبەر ئەم هەموو هێژمۆنەی نەتەوەی فارسی باڵادەست و حکوومەتە دیکتاتۆرە یەک لە دوای یەکەکاندا کە ویستویانە بیتوێننەوە و لەنێوی ببەن و لە خشتەی بەرن، بەڵام هێشتا ماوەتەوە، ئەمە سیحرێکە، ئەمە ڕازێکە، خاوەنی گەلێک تایبەتمەندییە کە نەتەوەی باڵادەست (فارس) و حکوومەتیش لێی تێگەیشتووە و لێی دەزانێ، بۆیە ڕێگا نادات بە فەرمی بخوێندرێت.






# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan ▪ No: 688 ▪ 5 nov 2016

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia


